یەحیا حەسەن: ئەو گەنجی لەسەروکاری کوشتنی باوکەکاندا، باوکەکان کوشتییان... بەکر ئەحمەد

بیست لیتر تاریکی و منداڵیم بە دیوارەکەدا دەژم

دەستەک هینی چاخی بەردین، قەرئانەکی حەجمی گیرفان

دەکرا من تەم خەشویستبا

ئەگەر من باوکی تە بوایەم، نەوەک کوت.

٢٩ ی ئەپریل، شاعیری لاوی دانیمارک کە نەوەی ئەو کۆچبەرە فەلەستینیانە بوو کە وەک پەنابەرانی بە دەوڵەت لە دەستگاکانی ئەوروپادا تەماركراون، لە ماڵەکەی خۆیدا بە مردووی دۆزرایەوە. تا ئێستاش وەک مەرگەکی ئاسایی ناوبراوە و هیچ هەکارەکی دیکەی لە پشتەوە نەبووە. ئەو تەنها فریاکەوت ٢٤ ساڵ بژی و دوو بەرهەمی شیعری جوان لە دوایی خۆیەوە بەجێبهێڵێ.

مەرگی یەحیا بە یەکەک هەواڵە گەورە کولتوریەکانی ئەوروپا لەقەڵەم دەدرێت. لاوەک لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە کەمەڵە شیعری" یەحیا حەسەن" وەک بەهەزترین دیاردەی شیعری لە دووهەزارەکانی دانیمارکدا ناودەردەکات و شیعرەکانی وەردگێردرێتە سەر کەمەک زمانی جیهانی.

لە پاش شەش ساڵ بەشی دووەمی شیعرەکانی بە ناونیشانی "یەحیا حەسەن ٢" چاپدەکات و چەند مانگەک لە دوای ئەوەوە دمرێت.

شیعرەکانی یەحیا هەتا بڕەی تووڕەن. هوون و بە پڕدەن. دژی ئیسلام و باوک و کەمەلگای دانیمارکن. لە بەرپرسەکانی سوشیالەوە، بە دەستگاکانی پۆلیس و ئەنستیتیوتەکانی کە سەروکاریان لەگەڵ ئەو منداڵانەدایە کە تووشی گرفتەکانی موادی بەهۆشکەر و تاوان بوون، باوک و خزم و مەلای مزگەوت، هەر هەموویان ئەم نیگا تووڕەیی یەحیایان بەردەکەوە.

لە هەمووی سەرنجراکیشتر، نیشاندانی ژیانی کۆچبەرانی موسولمانە وئەو بەریەککەوتنە کولتوریانەی نەوەکانیان دووچاری دەبنەوە.

خنەگرانی ئەوروپا لە دابەشکردنی یەحیادا بەسەر بەرەی چەپ یاخود راستدا سەرە گیژەیەکی گەورە دەیانگرێت.

ئاخر یەحیا حەسەن بەشێک لەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە کە راست و راسیزمی ئەوروپا چەندین ساڵە لەبەرانبەر پەنابەراندا دەیلێنەوە . چەپی ئەوروپا لە یەحیادا ئەو هاوارە دەبیستە کە لە گیتۆکانەوە دێتە دەر. ئەو خەی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیی سویددا، لە بەرانبەر ئەم ڕەخنانەدا دەڵێ: بە من هیچ گرنگ نییە کە ئەجێندای لە لایەن چەپ یاخود راست، شەیتان یاخود خواوە دادەڕێژرێت، بە من پرسیارەکە دەربارەی شیعرە، دەربارەی ئەدەبە. من وای دەبینم کە ئەدەب و شیعر دەبە لەپەیمانە جەراجەرەکانی دیکە ئازاد بن.

ڕۆژنامەی ئافتونبلادیتی سویدی دەنووسێ: یەحیا حەسەن چەن دەخوێنرێتەوە، بەجۆرێک لە جەرەکان خوێندنەوەی یەکێك لە پرسیارە چارەنووسسازەکانی ئەوروپایە”

بە من یەحیا حەسەن دەنگێکی بەهێزە بە ئازادی، ئاگرچی پێشێلکەری ئەم ئازادییە باوک بێ، یان دەنگی بەندگەی مزگەوتێک یاخود کولتور و ستراکتۆرێکی راسیستی بێت.

ئەو وەک گەنجێکی هەژدە ساڵە، شیعر دەباتەوە ئەو شوێنەی کە دەبە لەوە بێ. بە بە رتووش و زەر لەخەکرنی شاعیرانە و وێنەی شیعری. ئەو بە درکاندنی راستییەکان لە دەرئەنجامی ئاستیەکانی یەک زەرە سە ناکاتەوە.

ئاخر یەحیا حەسەن و شیعرەکانی یەک بوون. ئەو گەنجێک بوو کە چەندین جار لەسەر دزی و سەیارەفراندن و حەشیشە کەین و فرۆشتن لە زیندانداا دیلکرابوو. بەڵام لەپاڵ وەسفکردنی چەنتی وەدووکەوتنی سەیارەکانی پۆلیس بەدوای ئەودا، بەموبالاتی خەزان و دەسەلات و دامودەستگاکانی کەمەلگا لەبەرانبەر ژیانی گەنجێکدا، هەر هەموو ئەم هەکارانە بە ڕووخساری بەدەمامکی خیانەوە، لە شیعرەکانی یەحیا حەسەندا، بە ڕووتی نیشاندەرێن. ئەم چەند شیعرەی خوارەوە لە کتێبی یەکەمی یەحیا حەسەندا و لە وەرگیرانە سویدییەکیەوە کراونەتە کوردی.

Yahya Hassan, Nordstedt, 2017

منداڵی

پەنج منداڵ لە ێزەکدا و باوکیش بە گەپاڵەکەوە
هەمووان پێکەوە دەگرین و گەمەک لە میز
دەستی چەپ یاخود راستمان بە پێش خەمان درێژدەکەین
ئای لەو دەنگەی کاتێک زرمە لە یەکێک هاڵدەسێ
خوشکێك کاتێک لەسەر قاچی چەپی بازدەداتە سەر قاچی ڕاست
میز جێگەیە و بە قاچیدا دەژێتەخوار
یەکەم جار دەستی ڕاستی، دوای کەمێ تر، دەستی چەپی
گەر دواش کەوێ، بەرجەستەکی دیکەی دەکەوێ
زرمەیەک و هاوارێک و ژمارەیەک، سی، چل، پەنجا
دوا لەدانیش، شەقێک لە قن کاتێک ژوورەکە جەدەلەڕ
دەستدەنێتە سەر شانی گچکەکەمان، قیافەی ڕەکدەخاتەوە و
بەرجنەو و شەقی دەدا
من چاوشەر وچاوەوانی نەرەی خەمم
لە حەسرەتتدا، دایکم قاپەکان دەشکێنێ
لەولاشەوە، ئەلجەزیرە هەواڵەکانی پەخشدەکا
بلدەزەرێک بە گرمەگرم
دەست وقاچی ژیان تاکەر
کەرتی غەزەی لەناو تیشکا
ئاماکانن دەسووتێنرێن
گەر تاکە زایەنیستێک بوونی ئەمێ قبووڵنەکا
گەر بڵێاستی ئەمێ هەبین
کاتێک بە دوای کەمێک هەوا و مانایەکدا هەناسەبەکێ گرتووینی

لە قوتابخانە بەمان نییە بە عەرەبی قسان بکەین

لە ماڵیشەوە بەمان نییەبە دانیمارکی بپەیڤین

بەکسەک و هاوارەک و ژمارەیەک

گوورچیلەکە

گشت پەکەوە، بە خاڵەکم لە دوبەی، پارەی گوورجیلەیەکمان پاشکەوتکرد

بە باپیرەیشم لە لوبنان، بە نەشتەرگەریەکەی دلی

بە دەردی ئەوانی دیکە، پارەمان خەدکردەوە

لەژەر فەرشدا پارەکانمان دەشاردەوە

دەمانگەریەوە بە دەلار و پەکەوە دەعاماندەکرد

خەشەویستی

ئەوکاتەی من لە زیندان بووم، باوکم منداڵەکی دیکەی بوو

من نازانم ناوی چییە

بیرم نایە کوە بوو یان کچ

مەرخەسیەک ، سەردانی مالی باوکم کرد

کە من هاتم، منداڵەکان دلیان خەش بوو، دەیانویست یاریم لەگەڵ کەن

باوەژنەکەم وتی: نابە پەنجەم بەر پەنجەی کەسیان بکەوە

گەورەکەیان، بە سکەخشە دەهات بە لام

زللەیەکی تووندی لەدا

منداڵەکە بە دەم گریانەوە وتی: ئاخر دایە تەم خەش دەوە

زللەیەکی کەی پیاکیشا،

بەلام من نا، دایکی وتی.

دوانزە سالە

کاتێک برا بچکۆلەکەم سەرجێگاکەی خۆی تەختدەکرد

بە بەکس خەبەردەکراوە.

شۆک براکەم رایوشاندم: کاکە هەستە، میزم بەخەمدا کردووە

بۆیە گرفتی وی بوو بە هی من.

بەدزییەوە خەمگیاندە توالێت و دەسری تەم پێدا کرد و

لێشیم سڕی

دەشکە ئاوندزکەم پاککردەوە و

جلەکانیم کردە کیسە و لە ژێر تەختەکەی شاردمەوە

لەفەکەیشم هەرشو گەی

بە بیانی، لەفەکەیشم تووردایە ناو عەللاگەکە و

لە پەنجەرەی قاتی یەکی ماڵمانەوە، هەلمدایە خوار.

دانم شت و نانکی عەرەبیم خوارد

عەللاگەکەم لەلای دایکم، لە شوقەی ژمارە ٣٦جیهەشت

گەرچی باوکم پییوتبووم

هەم کوتە ماڵی دایکم، قەپەزم شین و مەردەکا.

لە دوای مەکتەب، عەللاگەکەم هەنایەوە

بنی میزی لەنەدەهات

باوکم هیشتا لەسەرکاربوو

لە ژووری میوان دانیشتم وجگەرەیەکم داگیرساند

لە دووروە، سێبەری دیوارەکەم دەکرد.

ماڵبەین

لەسەر ٣٠٠ لەدەخوێن

لە سەیارەیەکی چەتالکراوی دزراوی بە ئیستەپدا
دەستکیش لە گیرفانەکانی دواوە دادگایکردنەکانی ئایندەن
من لەسەر جادەکەوە چاوچاونەم
پەنجەرەی سەر حەوشەکە دەشکێنی و
هەڕەشەگەر و دەرگاکەی ماڵ دەکاتەوە
بەنی عەترەکەت هەشتا دەت
پەنجەرەکان تاریکدەکەم
"ئای ماک"ەکە لە رارەوەکەدا دادەنەم
ئامێزاکەم کەلوپەلەکان هەڕەشەگەر و دەیانبات بە ناو سەیارەکە
ئەو بە دراوسێکان دەڵێ: یارمەتی هاوڕێیەک دەدەین
بە نیازی گواستنەوەی ماڵەوە.
دواتر تەقەی و بەندەکان، ئەمپریفایەر وقەوان و
لاپ تەپ وئایپاد و گیتارەکان
باران بەڵەزمە لە جامی بەردەمی سایەق دەدا
فلچەکان هیچییان ئیش ناکەن
من نازانم، لە کوێ شاردراین
چەند رەقەمی سەیارەی دی دەدزین و رەقەمە کۆنەکە دەگۆڕین
لە بانزینخانە فولی دەکەین و دوو هەڤنیان بە لەدەدەین
قاچ لە بانزینەکە تووندەکات
من پیی دەڕەم بە هەواشی بڵای چەپدا
ئامێزاکەم وەک شەت سەیارە لەدەخورێ
وەک ئەوەی گەواهینامەی لەخوێنی ڕەسمی پێ بە.

وەک ئەوەی شتەکانی ناو سەیارە، کەل و پەلی گواستنەوەی ماڵ بێ ئەستاش لە ناو خەتی لەخوەینی پاسکاندا گیرمانکردووە

من بە سەریا دەقیژنم: گەمژە، پەم نالێی چی دەکەی؟

کورسی سایەق تا دەتوانم دەبەمە دوا، بەگ دادەنێم

هەر بە پەوە ، قاچ لەسەر بەنزین تووندەکەم

سەیارە بانی لەدەردە.

بەکر ئەحمەد

202020503

هەنگاوێک بە کرێکی شانۆی سەکۆ زاهیر عەبدوڵڵا

ئەگستەبواڵ لە زانکۆی کەمبیا لە نیۆرک، لەوە بەستانسڵافسکی و بڕێخت ئاشنا دەبێت. کاتێک لە ساڵی 1955 دەگەڕێتەوە بۆ بەرازیل. پاشان گروپی شانۆی ئەرێنە دادەمەزرێنێت شانۆی گرۆپان دادەمەزرێنێت، دوو شانۆیی نمایش دەکات یەکەمیان (ئاسپ و پیرەز) دووەمیان شانۆیی (ماڵی ئەوبەرشقامەکە). دوای هەموو نمایشێکی لەگەڵ خەڵک کە دەبەوە و گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکرد.
بەحوکمی ئەوەی بواڵ کاسێکی چالاکوان و ئەکتیڤ بووە لە بواری ئامیاری و مافەکانی مرۆڤدا، هەمیشە پرسەکانی خەڵک لە پێشینەی کارەکانیدابووە و کارکردنەکانی ئاراستەبووە بۆ خەڵکە ئاساییەکەی بەرازیل. سەرەتای کارکردنی شانۆی ئەرێنە لە سەر شەقامەکاندا بووە، شانۆی سەر شەقامیان پێشکەش کردووە. چەندێتی نمایشکردنی ئەم جۆرە میتۆدە لە سەرەتادا ئەوەبوو، کە شانۆی ئەرێنە لە بەرازیل لە گەڕەکان و شەقامەکان دیمەنێکی شانۆیان لە کۆشکانی خەڵکی ناو گەڕەکانەکە دروست دەکرد، بە ئاراستەی ئەوەی کە (کریسەک) تەنگژەیەک بخولقێنێ.

سەرەتای کارکردنی بواڵ ئەوەبوو کە تەنها پێشنیاری لە بینەران وەردەگرت و بە ئەوەی بینەر بەشداربێت، بەڵام پێشنیارو بۆچوونەکانی بەهێند وەردەگرت. یەکەمجار تەنها بینەران پێسنیاریان دەکرد کە نمایشەکە چۆن بەوات ئەکتەرەکانیش بەشێوەی پێشنیازی خەڵکەکە نمایشەکەیان پێشکەش دەکرد.، بەڵام جارەکیان ژنێک پێشنیار دەدات. بەڵام ئەکتەرەکان لە پێشنیارەکەی ناگەن، چەندجارێک پێشنیازەکەی خۆی دوبارەدەکاتەوە، تا لەدواجاردا ژنەکە تووڕە دەبێت خۆی هەڵدەسێتە سەر تەختەی شانۆکە. بواڵیش بەوە خۆش حاڵ دەبێت رۆ لە ژنەکە ناگرێت کە بێتەسەر شانۆکە، ئەوە یەکەم جاربوو کە بینەرێک بێتە سەر شانۆکەو ئاراستەی روداوەکە بگۆڕێت بەو شێوەیەی خۆی ئارەزووی دەکات. ئەم رووداوەش دەبێتە گەڕانکاریەک لە کارکردن و دیدی ئەگستە بواڵدا. نمایشەکە دەگەڕێت و دەبێت بە شتێکی تر. ئەوە سەرەتایەکی باش بوو بە بەشداریکردنی بینەران لە نمایشەکەدا.
لەوکاتەوە لەساڵی 1960 بەتەواوی فەرمی شانۆکەی گەڕەی کە بینەر خۆی بەشدار بێت.
شانۆی سەکۆ، میتەدێکی تەفاعولیە کە بینەر ئەو هەڵیان بە دەرخستێت کە کاردانەویان هەبێت، لە ڕووشکەدا بژێن و ڕوونکردنەویان هەبێت، پەیوەندی بگرن لەگەڵ ئەو کێشەیدا کە پێشکەش دەکرێت.
شانۆی سەکۆ ،گەڕەی میتەدێکی پێداگیانەیە بە ئازادی و گەرانکاری. تێکستی شانۆی سەکۆ تێکستێکی زەر کورتە، ئەو تێکستەش ڕەنگدانەوەی کێشەیکی ڕاستەقینەیە، کە هەمیشە تێکستەکە بە ڕووشکی ناخۆش کۆتایی دێت. ئەم جارە کۆتایی وا لە بینەر دەکات کە ڕەی خیان بگەرن لەو دەخەدا کە دەخرێتە ڕوو. نمایشەکە بووستنن و ئەو چارەسەرەی کە خۆی بە باشی دەزانێت بیخاتە ڕوو.
شانۆی سەکۆ سەرای ئەوەی نمایشکی شانۆیی و تێکستێکی خۆی هەیە ، بەڵام لەگەڵیشیدا پرسەسی دروستکردنی بەرهەمکی شانۆی و نووسینی تێکستێکی شانۆیی، کە ئەکتەرەکان و بینەران لەکەڵیندا لە ماکە کەمەڵیتیکانی کێشەکە دەکەن، ڕووداوەکان هەمیشە لە ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە وەهمەوە، ئەو سەرجەم گەڵانکاری و پرسەسی دروستکردنی شانۆیی هیچی کەمتر نییە لە خودی نمایشەکە، پرسەسی دروست بوون لە خودی بەرهەمکە گەورەترە، ئەوش ئەوەیە کە چۆن ئەکتەرەکان و بینەران گێشتێک لە ئەزموونەکانی ژیانەوە بەرەو تێڕیبەکان لەبارەی ژیانەوە دەکەن. ئەوش ناودێنرێت گێشتێکی فکری و هەشمەندانە، ئەم گێشتە فکریە تەواو گاریگەر و دایناموی گەرانکاریە ناوکیەکانە.
شانۆی سەکۆ شانۆیکی پە هەزە، لەگەڵ پرس و بابەتە ئاەزەکاندا

مامۆستا دەکات، بە نموونە بابەتەکانی وەک چۆوساندنەوەی ژنان ئەو گرفتانەی کە لە شوێنی کارکردن دروست دەبن، ئیزعاجکردن یان چەن پەیوەندی بگرین و ناکۆکیەکان چارەسەر بکەین.
ئەم دیمەنە کورتەی شانۆی سەکۆ چەند خولەکیە بە هەموو جۆر لە خۆکۆکە بە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا نمایش دەکرێت. لە نمایشکەدا کاتێک ئەکتەرەکان دەگەنە خاڵ و ترۆپکی کێشەکە نمایشکە تەواو دەبێت. پاشان بە هاوکاری جەکەرەک، واتە ئەکتەرەکی تر کە میانگیری دەکات لە نێوان ئەکتەرەکان و بینەراندا. پاشان داوای هاوکاری لە بینەر دەکرێت، کە پێشنیاری خۆیان دەربڕن بۆ ئەوەی هاوکاری ئەکتەرەکان بکرێت، لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا کە لە نمایشکەدا رووەدات. ئەمش هەروەک پاوەڵ فریرە و ئاگستۆ بوال جەختیان لەسەر دەکردەوە، ئەوەی لە نێوانماندا گفت و گۆی لەسەر دەکرێت دەخ و واقعی ئێستایە، ئەمە نامە نین بە واقیع و واقعیش نامە نیە بە بڕشداران، ئەو داکۆت و واقیعە لە ئەمە جیا نابیتەوە، و ئەمش لە واقیع دانابڕین، ئەمە نک هەر لە ناو جیهاندا ناژین، بەڵکو لەگەڵ جیهاندا دەژین. ئەمە کە دانیشتووین تەنها تەماشاکەر نین بەڵکو دروستکەرو بونیادنەرین. لەو دیدگایەوە ، ئەو بینەرەی کە بڕشدار دەبێت دەتوانێت بە چەند جۆرەک، بڕچەند پێشنیازەک چارەسەری ئەو کێشەیە بکات. هەم بە دیالۆگ، هەم وەک رووداو یان بە زمانی جێستە، بەدیدگایەکی رەخنەگرانەوە، هاوکاری لە دەزینەوەی چارەسەری کێشەکان دەکات.
بڕجاری دووەم ئەو نمایشە کورتە چەند خولەکیە دووبارە دەکرێتەوە. ئەمجارەیان واتە دووەم جاری پێشکێشکردنی نمایشکە بینەران دەتوانن دیمەنەکە رابگرن و بووستنن لەوکاتەی کە بینەرەک هەست بکات ناتەواییەک هەیە، یان دیالۆژی ئەکتەرەکە شۆیەکی تر بڕت، یان هەر جولەیەک و رووداوەک کە بینەر هەست بکات نابێت بەو شیوەیە بڕت، ئەو واقیعە دەبێت بگۆڕدرێت.
ئەو شۆەی کارکردنەی شانۆی سەکۆ کە وەک ئەوەی ئەمرۆ هەیە، هەر بە هەی بڕشداریکردن و هاوکاری بینەرانەوە بووە. واتە بینەران و خەڵک خاوەنی پرس و کێشەکانن، هەر ئەوانیش فەرمکی تایبەتیان بە شانۆی سەکۆ بەخشیووە. کرێکاران، کاسپکاران، فەرمانبەران، جووتیاران، خوێندکاران، ژنان و هەمەکان، لێسپیسکەکان و نەرموکەکان خۆیان بەاس لە ژیان و چۆوساندنەوەی خۆیان دەکەن. ئەوە شتەکە ڕەنگە ئەکتەرەکان هەرگیز ڕەژەک لە ڕەژان دووچاری ئەو گرفتە نەبووبن وەک ئەوەی کرێکاران و کاسپکاران...هتد تووشی هاتبن.
بواە شتەکی نوە کێشف دەکات ئەوانەی کە خۆیان تووشی دووجاری چۆوساندنەوە هاتوون هەڵدەستنە سەر شانۆو رووداو بابەتەکان

د ګډون. بې ټکشکانی سنورکانی نمایش و واقیع لړو حالاتدا بینر د بټه پاڼوانی نمایش. ئوږش بې ګورې بوا ئمه تپاندنی سنورکانې کې زړ بڼوونی د تقټوې.









نامەی ئەدەبی – نامەی (د. ئازاد حەمە شەریف) بۆ (سەباح

ەنجدەر)

برا و هاوڕێی ڕۆژانی جوانی و خۆشی و ناخۆشیم کاك (سەباح رەنجدەر): بابگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکان.
دەمەوێ لەم نامەیەدا کەمێك باسی سەرەتای برادەرایەتیمانت بیر بهێنمەوە تاوەکو تیشکێك بخەمە سەر ئەو ڕۆژانەی خۆشەویستی و پاکی و دڵسۆزی و خانەویستی و خانەپەرستی لە دەتکا، ئەو ڕۆژانەی برادەر بەقەد برا دڵسۆز بوو، بە پێچەوانەی ڕۆژانی ئەمڕۆ کەوا زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە برادەر دەناسێنن، هیچ یەکێك لەو ئاکارانەی سەرەوەیان تێدا نەماوە، بۆیە منیش خۆم لەو جۆرە خەڵکانە دوورەپەرێز گرتووە و لەناو دنیای تەنیایی خۆمدا دەخولێمەوە، هەرگیز نامەوێت بە هۆنگی ئەو ڕۆژگارە نەفرەتییەی ئەمڕۆ خۆم پیس بکەم. من هەمیشە بە یاد و یادەوەری ڕۆژانی گوڵەنگی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان دەژیم، نایەم چەدووکەڵی هەناسەی ئەم ڕۆژگارە چەپەڵەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین منیش بخنکێنن.
وا لەو نامەیەدا باسی ئەو برادەرایەتییە لە برا زیاترە پاك و ڕاست و بۆ فڕوفێڵ و بۆ بەرژەوەندییەی نێوان هەردووکمان دەکەم کەوا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. چاکم لە بیرە سەرەداوی ناسیاوی و برادەرایەتیمان بۆ نزیکەی سی و شەش ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و بە بۆنەی ئەوەی ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە نە سارد‌ییەك، نە ناکێییەك و نە هیچ دڵ ئێشانێك لە نێوانمان ڕووی نەداوە، بۆیە برادەرایەتییەکی وا دانسقە و دەگمەن و نایاب پێویستی بەوەیە بنووسرێتەوە و ڕۆژی لە بگیرێت و بە جوانی باسی بکرێت.
وەکو گوتم نزیکەی سی و شەش ساڵ لەمەوبەر، مانگی ئاداری ساڵی (1984) بوو تازە "قەڵەمش" – شیعرە ناوداڕەکەی (ئێدگار ئالان پۆ)م لە ژمارە (2)ی گۆڤاری (ئاسۆ)دا بڵاوکردبۆوە. ئەوسا (کۆلیژی ئاداب – زانکۆی سەڵاحەدین) لە سەر کەندەکەی گەڕەکی (گۆکەند)ی هەولێر بوو، من سەردانی برادەرانی دەستەی گۆڤاری (ئاسۆ)م کردبوو، لە پێش دەرگای کۆلیژ لەگەڵ خاتوو (پەرێز سابیر)، ئەوسا دکتۆر نەبوو – خوێندکاری بەشی کوردی بوو، خوشکی هاوڕێی دێرینم (شاکر سابیر) بوو – قسەمان لەبارەی ئەدەب و ڕۆشنبیری دەکرد.
گەنجێکی کێك و تازە سمێڵ دەرکردوو، قسەنەرم و خۆش گوفتار هاتە پێش و لەگەڵا (پەرێز خان) لەبارەی گۆڤاری (ئاسۆ) و وەرگێڕانی شیعرەکەی (ئێدگار ئالان پۆ) قسەی کرد. (پەرێز خان)یش گوتی ئەوە (ئازاد حەمە شەریف)ی وەرگێڕی شیعرەکەیە و چیت هەیە بۆ خۆت یەکسەر

لەگەڵ ئەوی باس بکە. لە قسەکانی ئەوسا وادیاربوو زۆر بە شیعرەکە و وەرگێڕانەکەی دڵبەند بوو، داوای دەکرد شیعری بەرزی لەو بابەتە وەربگێڕم تاوەکو خوێندەوارانی دیکە کەوا بە ئاسانی دەستیان بە شیعری جیهانی راناگات، بتوانن سوود لە ئەزموونی شیعری دنیا وەربگرن. ئەگەرچی کاك (سەباح رەنجدەر) بە تەمەن حەوت ساڵك لە من گەنجتر بوو، بەڵام چونکە برادەرایەتیمان لەسەر بناغەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی، نەك بەرژەوەندی و خۆپەرستی دامەزرابوو، بۆیە ئەو برادەرایەتییە ڕۆژ بەڕۆژ بەتینتر دەبوو، گەشەی دەکرد. ئیتر لەوساوە تا ئێستا بۆ پسانەوە برادەرایەتییەکی پاك و دڵسۆز و ڕاستگۆیانە لە نێوانمان هەیە.
هاوڕێیەتیمان هێشتا بەهێزتر بوو، وابزانم دووەم، یان سێیەم دیدەنمان بوو لە کۆتکی ساڵی 1984ی کاك "عەبدوڵا عەباس" کەوا لەبارەی "ڕۆژی ڕۆژنامەگەری لە پێشخستنی ڕۆشنبیریدا" یان بابەتکی ئاوایی بوو لە هۆڵی "چاودێری زانستی" لە هەولێر یەکترمان بینییەوە. (سەباح رەنجدەریش وەك هەر کەسکی دی) هاتبووە ئەو کۆڕە.
دوای کۆتایی هاتنی کۆڕەکە مامۆستا (محەمەد مەولوود مەم)ی چیرۆکنووسی گەورەی کوردم ناسی وەك لە نووسینگکم بەناوی "چۆن (مەم)م ناسی؟"دا باوکردتەوە. هەر لەو دەمیشدا کاك (سەباح) لە پشت (مەم) ڕاوەستا بوو، یەکسەر هەردووکیانم پێکتر ناساند. دوای ئەوە بە دەم ڕێگاوە بەرەو خوار بۆ لای (فلکەی زەعیم) بە پێ دەچووینە خوارەوە و لەوێ (مەم) گوتی: "دەباشە، ماڵی منیش لەم خوارەوەیە"
بەدەم ڕێگاوە باسی پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکانی خۆم و خوێندنەوەم و ئەو وەرگێڕانانەی کردبوومن وەك "مردنی دەوەرەیەك"و "کافکا" و تاد...، کە هێشتا چاپ نەکرابوون، بۆ "مەم"م گێڕانەوە. ئەویش باسی ڕۆمانی (ڕێگا) و (پایزە خەون)ی، بۆمان کرد کەوا هێشتا دەستنووس بوون، دیاربوو ئەو حەزی دەکرد زیاتر ئاشنای یەك بین، بۆیە کاتێ گەیشتینە لای (فلکەی زەعیم) گوتی: "دەبا بچینە ماڵەوە و قاوەیەك بخۆینەوە". ئەمەش پێمان خۆش بوو پیاوکی وا گەورە بانگێشتمان بکاتە ماڵی خۆی و ئیتر لەناو باخچەی ماڵەکەی دانیشتین و ئینجا لەجیاتی قاوە، ماستاوی مەی پێداین.
دواتر من ژنم هێنا و خەریکی ژیانی خۆزانیی خۆم بووم، ماوەی نزیکەی شەش مانگك ئاگام لە نووسین و نووسەران بۆا و تا ڕۆژێ لە ڕکەوتی 28/10/1985 لە دیداری (یەکەم زنجیرە لکۆینەوەی شانۆ و ئەدەبی شانۆیی) کەوا لە هۆڵی (نەقابەی کرێکاران)ی شاری هەولێر سازکرابوو، بە توژینەوەیەك لەبارەی (مردنی دەوەرەیەك) بەشدار

بووم. ئەوارەکەی ئەو رۆژە راستەوخۆ لەلایەن خودی (بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر)ەوە لەناو هۆڵی دیدارەکە دەستگیرکرام و لە رێکەوتی 16/4/1986 بە لێبوردنێکی مەرجدار ئازادکرام، بەڵام چ جۆرە لێبوردنێك؟ لێبوردنێك کەوا رێك مانای مەرگ بوو، بەو مەرجە ئازادکراین بچینە ناو کۆگە بە مین داچێنراوەکانی (فاو) کەوا تازە لەلایەن ئێرانەوە گیرابوو، بچین جەنگ لەگەڵ مین و دژەزمەی مەرگ بکەین. هەرچەندە بڕێك بڕت، بە هەزار قوربەسەری و دەردەسەری خۆم گەیاندەوە کوردستان.
دوای راکردنم بۆ جارێکی دیکە لە سەربازی و هاتنەوەم بۆ هەولێر، بە پەنادزە و لێرە و لەوێ پەیوەندیم لەگەڵ نووسەران دەستی پێ کردەوە. ئەوە بوو لە رێگای کاك (ئیسماعیل بەرزنجی)یەوە زانیم مامۆستا (مەم) نەخۆشە و (مەم)یش هەوالی هاتنەوە (هەولێر)ی منی پێگەیشتبوو، بەڵام چونکە نەخۆش بوو لە رێگای کاك (ئیسماعیل بەرزنجی)یەوە هەوالی ناردبوو کەوا پێی خۆشە سەردانی بکەم. دیسان چوومەوە مالی (مەم) و سەردانم کرد و ئەوسا باسی (کاروان و سەگوەڵ)ی خۆی کرد و پاشتریش زۆر باسی ئەدەب و چیرۆك و کورد و نووسەرانمان کرد. دواتر کاك (سەباح رەنجدەر)یش پەیوەندی پێوە کردمەوە و هەفتانە، یان من سەردانی ئەوم دەکرد، یان ئەو سەردانی منی دەکرد.
ڕاستییەکەی لەسەرەتای هەشتاکاندا رۆژانی زۆر ناخۆشمان بە ڕێ کرد. ئەوسا (سەباح رەنجدەر) لە کۆانەکەی خۆیان، دوکانێکی بچووکی هەبوو، بە ڕەنجی شانی نانی خۆی و دایك و برا و خوشکی پەیدا دەکرد، چونکە کاتێك ئەوم ناسی، بەداخەوە باوکی کۆچی دوایی کردبوو. هاتوچۆی نێوانمان لە ترسی گیران و راوەدوونانی چەتەکانی (بەعس) هەر بە پۆیان بوو. زۆرجاران کۆانە و کۆان بەناو گەڕەکی (سەیداوە)دا دەهاتینە بن قەڵات، یان چایخانەی (مەچکۆ) و جاروبار لەوێ یەکترمان دەبینی و کاتی بینینی پاشترمان دادەنا.
زۆرجاران کاك (سەباح) پیاوەتی ئەوە و بنەماڵەی ئەوەم لە بیرە کەوا دوای بەربوونم لە زیندانی (بەعس) و راکردنەوەم لە کۆگە مینەکانی (فاو) و بۆیاری نەکردنی سەربازیم بۆ (بەعس)، بە حوکمی ئەوەی کاك (عەباس)ی خوالێخۆشبووی برات پۆلیس بوو، لە (بەشی جموجۆڵی پۆلیسی هەولێر) بوو، هەواڵت پێداوم کەوا کام گەڕەك لە هەولێر دەکەوێتە بەر شاڵاوی پشکنین. منیش چیم پێکراوە بە برادەرانی خۆم گوتووە، لە پشکنینی گەڕەکەکان ئاگادارم کردوونەتەوە و بەوەش زۆرجار گیانی من و گیانی دەیان برادەر لە کەوتنە چنگ چەتەکانی (بەعس)و نەکەرانی (بەعس) پاراستووە. تەنانەت جارێکیش چاکم لە بیرە برادەرێکم گیرابوو کاك (عەباس)ی برات لەبەر

خاتری من وای کرد رزگاری ببێت.
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ برادەرایەتیمان بەهێز دەبوو، ئەوە بوو لە یەکێک لەو یەکتر بینینانەدا پێت گوتم کەوا شیعر دەنووسیت و دیوانە شیعرێکی دەستنووسیشت هەیە بەناوی (زێوان). دواتر ئەگەر هەڵە نەبووبم ساڵی 1987 بوو پێت گوتم کەوا لە (دەزگای سانسەری کتێب) لە (بەغدا) سێ جار لەسەر یەك ڕەفز کراوەتەوە. منیش لەوبارەیەوە لە چایخانەی (مەچکۆ) قسەم لەگەڵ خوالێخۆشبوو (مەحموود زامدار) کرد، ئەویش دوای چەند مانگێك بۆی لە (دەزگای سانسەری کتێب) دەرهێنایت. باشە ئەوە دیوان دەرچوو، خۆ پارەی چاپکردن لە توانای گەنجێکی تازە پێگەیشتووی بێ مووچەی (هەوڵەر)دا نەبوو.
لەو سەرودەرەدابوو منیش وەرگێڕانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)ی (جەمس جۆیس)م لە (دەزگای سانسەری کتێب) دەرچوو بوو، لە بیرتە پێکەوە چووینە (ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان – ناوچەی ئێتێنامی) و لەوێ لای کاك (سەعید یەحیا خەتات) کتێبەکەی تێم لەگەڵ وەرگێڕانەکەی خۆم پێشکەش ئەوێ کرد بێ وەرگرتنی (پشتگیری چاپ) و دواتر چاکم لە بیرە کەوا پسپۆری هەڵسەنگاندنی دیوانە شیعری (زێوان) مامۆستای شاعیر (حەسیب قەرەداخی)ی خوالێخۆشبوو بوو.
دوای نیوەڕۆ بوو، وابزانم دەوروبەری کاژێر 2:15 بوو، بە پەنادزە سەرێکم لە (چایخانەی مەچکۆ) دا، دوای سڵاوکردن کاك (تەحسین مەچکۆ)ی خاوەن چایخانەکە پێی گوتم ئەو پیاوەی ئەوێ ناناسیت، منیش دیاربوو بە خزمەت مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) نەگەیشتبووم، چوومە خزمەتی و کاك (تەحسین مەچکۆ) پێکی ناساندین. مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) پیاوێکی جوانی قسەخۆش بوو، وابزانم ئەوسا لە کۆتایی پەنجاکانی تەمەنیدا بوو. دوای یەکترناسین لێی پرسیم: "(ئازا)ی کوڕم ئەناسیت؟"
منیش گوتم: "بەڵێ. فەرموو چیت پێویستە، لە خزمەتتام؟"
گوتی: "ئەوە کاژێرێك زیاترە لێرە دانیشتووم و ماڵی (ئازا)ی کوڕم پێ نازانم. ئەگەر تۆ دەزانی لە کوێیە، زەحمەت نەبێت بمگەیەنیتە ماڵەکەی."
منیش گوتم: "بەڵێ پێی دەزانم و (ئازا) برادەرمە. بە چاوان. فەرموو ."
ئەوسا ماڵی (ئازا) لە شوقەیەکی لای (شەقامی پزیشکان)ی لای (فلکەی شێخ مەحموود) بوو. بۆیە بە پێیان کەوتینە ڕێ. مامۆستا جانتایەکی دەستی پێ بوو، هەستم کرد بۆ ئەو گرانە، چونکە پێی گوتم ئەگەر دووڕە بە تاکسی بچین، منیش جانتاکەم لێی وەرگرت و کەوتینە ڕێ و پێم گوت ماڵی کاك (ئازا) ئەوەندە دوور نییە و پێویست بە تاکسی ناکات. بەڵام ڕاستییەکەی من ڕاکردووی سەربازی بووم، نەدەوڕام

سواری تاکسی بم، بۆیە هەموودەم بۆ من بە پێیان باشتر بوو.
لە ڕێگا مامۆستا لێی پرسیم: "(سەباح رەنجدەر) دەناسیت؟"
گوتم: "بەڵێ. برادەریشمە. بەڵام بۆ دەپرسیت؟"
گوتی: "شیعرەکانی زۆر ئاڵۆزن و ئەو برادەرە زۆر لە ڕێرەوی شیعری کوردی لایداوە."
منیش گوتم: "(سەباح رەنجدەر) گەنجێکی تازە هەڵچووە، خۆ ناکرێت نەوەی نوێ وەکو نەوەی کۆن بنووسێت. ئەگینا هەموو شتەکان بۆتام دەبن و دەبنە دووبارە. با هەرکەسە و شێوازی خۆی هەبێت."
دیاربوو مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) پسپۆری هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی (سەباح رەنجدەر) بوو، دەیەویست لە نزیکەوە زانیاری لەبارەی خاوەنی ئەو دیوانە بزانێت، بۆیە دوای گەیاندنی مامۆستا بە ماڵی کاك (ئازا)ی کوڕی بە مامۆستام گوت: "حەز دەکەیت لە نزیکەوە خاوەنی دیوانی (زۆوان) بناسیت؟"
مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) گوتی: "بۆ نا؟"
گوتم: "دوای دوو کاژێری دیکە لەگەڵ کاك (سەباح رەنجدەر) دێینەوە خزمەتت."
وابزانم ئەو دەمەی خواحافیزیم لە مامۆستا کرد، کاتەکە نزیکەی ببووە (3:00)ی دوای نیوەڕۆ. هەڵکوت هەڵکوت بە پێیان لە (شەقامی پزیشکان)ەوە بە کەمتر لە کاژێرێك، خۆم لەناو گەڕەکی (بەلاشاوە)، لە دوکانەکەی کاك (سەباح رەنجدەر) دیتەوە. لەوێشەوە هەڵتەك هەڵتەك لەگەڵ کاك (سەباح رەنجدەر) بە پێیان کەوتینە ڕێ تا گەیشتینەوە ماڵەکەی کاك (ئازا) و لای مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) بەڕێز.
هەر دوای دەرگا کردنەوە گوتم: "مامۆستا، فەرموو ئەوەش کاك (سەباح رەنجدەر)؟"
دوای یەکترناسینی کاك (سەباح رەنجدەر) و شاعیری گەورەی کورد مامۆستا (حەسیب قەرەداخی)، من لە هاوکێشەی شیعربوون و شیعرنەبوون هاتمەدەرەوە، ئەوەم بۆ هەردوو برای شاعیر بەجێ هێشت و هەردووکیان بۆ ماوەی پتر لە کاژێرێك لە ماڵەکەی (ئازا) کەوتنە گفتوگۆ. قسەکان زۆر بوون و تەواو نەدەبوون، ئەوە بوو بۆیاریان دا بچنە (یانەی فەرمانبەران) و ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە لەوێوە سەرلەنوێ باسی شیعر و ناشیعر، باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە شیعردا، باسی بابەتی ناوەرۆکی شیعر، باسی وێنەی شیعری سادە و ئاڵۆز و چەندان بابەتی دیکە بکەن.
من تا بەردەرگای (یانەی فەرمانبەران) لەگەڵیان چووم، بەڵام چونکە ڕاکردووی سەربازی بووم و زۆریش نەبوو لە چنگ زیندان ڕزگار ببووم، بۆیە دەترسام نەوەك یەکێك لەوێ بمبینێ و وەکو جاری جاران زمانم

لێ بدرێت و بکەومە داوەوە، بۆیە داوای لێبووردنم لە هەردووکیان خواست و بە پێ بەرەو ماڵ چوومەوە. ئیتر ئەو ئێوارەیە چۆن کاك (سەباح رەنجدەر) و مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) گەیشتبوونە لێك تێگەیشتن کەوا دیوانی (زۆوان) شایەنی پەسەندکردن و چاپکردنە، ئەوا من نایزانم، بەڵام دڵنیام ئێوارەکەی زۆر قسەیان لەبارەی دنیای پاکی شیعر کردووە، چونکە مامۆستا (حەسیب قەرەداخی) پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و شیعرناس بوو. قسەکانی بەڕێ و جێ و دیالیکتیکیانە و سەلمێنەر بوون. بەداخەوە، من هەر ئەو جارە بە خزمەتی ئەو زاتە گەیشتووم، لەو ماوە کورتەدا زانیم (حەسیب قەرەداخی) کەسێکە بە زەمینەیەکی گەورەی زانیارییەوە لەناو گۆڕەپانی ئەدەبی کوردییە.
دوای پەسندکردنی دیوانی (زۆوان) بۆیاری لە چاپدانی دیوانەکە درا لەسەر بودجەی (ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان -ناوچەی ئێتێنمی)، دەبوایە کتێبەکە بۆ چاپکردن بۆ شاری (سلێمانی) یان بۆ (بەغدا)، بنڕدرێت، چونکە ئەوسا توانای چاپکردنی کتێب لە شاری (هەولێر) زۆر کەم و سنووردار بوو. کاك (سەباح رەنجدەر) نەیدەزانی چی بکات، بەڵام چونکە من پێشتر لە (بەغدا) خوێندبووم و ژیابووم، خەکیشم زۆرتر دەناسی و کتێبی (مردنی دەوەرەیەك)یشم پێشتر چاپ کرد بوو، بۆیە پێم گوت: "ئەوەش ئاسانە و ئەگەر پێتخۆش بێت من (وێنەی هونەرمەند)م بە کاك (نازم دەبەند) داوە تا سەرپەرشتی چاپکردنیم بۆ بکات، هی تۆش هەر بەودا دەنێرین چاپ بکرێت؟"
سەرەنجام، ئەوە بوو کتێبی (زۆوان) درا کاك (نازم دەبەند) و ئەویش سەرپەرشتی کتێبەکەی کرد و لە ساڵی (1988)دا بە چاپ گەیشت. لێرە بۆیە ئەو شتانەم باسمکرد چونکە هەستم کرد لەو بابەتەی بە ناوونیشانی "لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زیاندا" کەوا وەکو پێشەکی بۆ بڵاوکردنەوە ئەلیکترۆنیە (PDF)ەکەدا لە حوزەیرانی (2008)دا لە سایتی (دەنگەکان)دا بڵاوکراوەتەوە، دواتر گوازراوەتەوە سەر سایتی (کوردپیدیا)، ئەو بەشە زانیارییانەی سەرەوە لەبیرکراون، ئەگینا دەزانم ئێوە چەند ڕاستگۆ و دڵسۆز و بەئەمەکن، هەرگیز چاکەی کەس لە بیر ناکەن. ئەگەر بمەوێت چەندان بیرەوەری دیکەی ڕۆژانی خۆش و ناخۆش لە نێوانمان هەن دەکرێ باسیان بکەم، بەڵام چونکە ئەوانە پەیوەندیان بە هەندێك لایەنی ڕۆشنبیری و کەسایەتی ڕۆشنبیری میللەتەکەمانەوە هەبوو، ئەوانیش ڕۆژی جوان و چاکیان بینیوە لە یارمەتیدانی گەنجێکی تازەهەڵچوودا، بۆیە زیاتر تیشکم خستەسەر ئەوانە. ئەوانی دیکە با بۆ کاتێکی دیکە و بۆنەی دیکە بمێنن. هەر بەرز و سەرفراز بێت برایەتی و برادەرایەتیمان، بە هیوام زۆر لەوە بەرەو پێشتر بچیت و هەر سەرکەوتوو بن.

د. ئازاد حەمە شەریف
1/1/2020 هەوڵێر

ترافیکەکانی ژیان دێی ژنێك ڕاناگرن … چنوور نامیق

تاقەتم چوو لەم سروشتە بێئاگایە

ڕۆژێك ئەبم بەابوردوو

ئاوێ لەکەس نادەمەوە

نە لە دووداڕیی نیشتیمان

نە لەنۆژی پەپولەیەکی تازەفام

نەلە درودی ئێوارەیەکی ڕەنگپەڕیو

نە لەهەواڵی سواوی تیڤییەکان

دەمەو کۆچە

نەشەقام بیری من ئەکا و

نەدێی بەتاڵی پیاوێك داگیر ئەکە م

هەر ئەمم و

ئاوێ لە زامی نیشتیمان نادەمەوە

نە لە ئاگرە سەرشتەکەی شاری دەم

نە لە پارکەکانی شار و

نە لە منارەی شکاو و

نه له قەڵا تاقانەکەم

لێرە پەنایەك شکنابەم

بیر لە دوا دێری شیعرێکی قژ ئاڵزم بکەمەوە

هیچ چیرۆکێك بۆلای ئێوەم ناباتەوە

ئیتر لەکەس تۆە نابم

نە ڕۆشنبیری کێلەی حەز

نە سەماکەری دڵپاك و

نە سۆزانییە راستگۆکانی ئەم سەردەمە رامناگرن

ئیتر ئەبم بەئابوردوو

بیری شەقامی شار ناکەم

ئاوێ لە ئادەمەکانی وڵات نادەمەوە

نە لە نوسەرە بێبابەتەکان

نە لە هاوێ بێگەکان

نە لە درۆزنە دەسۆزەکان

نە لە بەقاڵە گرانیبڕۆکان

نە لە هونەرە سواوەکان

نە لەتێ

نە لەگوێگوێ

نە لەوەی..

کاتێ ئەبم بەئابوردوو

دەبمە تارمایی ماڵەکەم

دەبمە خانمە پاڵەوانی

ئەو ڕەمانانەی ژیانێك دەدارم بوون و نەمتوانی شەوێك لە پاڵیان بخەوم

ئیتر ئەو داگیرکەرە نیم

دەی پیاوێك بکەمە شار

ئیتر دەستە سارەکانم

بە پەنجەرەی ژیانەوە جێناهێڵم

ئیتر فنجانی شکاوی کاتی زیزبوونی عاشقان

تامی لێوەکانم ناکات

ئیتر و ئیتر و ئیتر

نەشەقام بیری من ئەکا و

نەدەی بەتاڵی پیاوێك داگیر ئەکەم

.1-4-2020

ڕۆژی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا-11- ..ەوە بەسکێنی

بەشی یانزهەم

تێکچوون و ئاژاوەزبوونی بارودۆخ لە سەرانی ڕاپەڕینەکە

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە نامەکانی حەسەن عەلی خاندا تۆمار کراون، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان و گەورانەوەی ئەحمەد بەگی یاوەر بۆ ئەستەمبوڵ، پەیمان و بەڵێنەکانی سوڵتان لە ڕۆژگای ئەحمەد بەگ هیچ کاریگەری بۆ سەرانی ڕاپەڕینەکە و شێخ عوبەیدوڵا

نەبووە و تەنیا بۆ هۆورکردنەوەیان بووە، تاکو دەداویان بخەن و باشتر بتوانن لەئاپەینەکە بدەن، چونکە هەر دوای کۆبوونەوەکەی ئەحمەد بەگ بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، یا هیچ نەبێت لە باشووری کوردستان، کە ئەو کاتە هێمن ترین شوێنی ئاپەینەکە بووە، دەوڵەتی عوسمانی کەوتۆتە هەڕەشە و ترساندنی سەرانی ئاپەینەکە، ئیتر شێخ عەبدولقادر گەڕاوەتەوە نەهری و هەمزاغاش بە ئاگایيەوە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کردووە، هەموو ئەمانە لە نامەیەکدا حەسەن عەلی خانی گەووسی بۆ: عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (بۆتۆورز)ی ناردووە، دەنووسێت:

"نامەی ژمارە: 95

لاپەڕە: 283

مۆڕوو: 11ی جمادی یەکەمی 1298 کۆچی (11- 4- 1881ز)

بۆ: عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (بۆ تۆورز)

بۆفیداتان بم

بۆپەی بروسکە و تەلگرافنامە بۆکراوەکانی لەمێ بۆن و دڵنیاکردنەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ نەهێشتنی ئاژاوە و هۆورکردنەوەی خراپەکاری "شێخ" و لایەنگرانی، ئوەندەی ئاگاداری پۆیست بووبێت، دەستم خستوون.

هەرچەندە بگوترێ بروسکەکان بێت، وا دەردەکەوێ ئەو بۆنانەی دەوڵەتی عوسمانی، زەر پتەو نەبن و کردەوەکانی ئەستاشیان بەو جۆرەی لەبەر چاون، زەر لاواز و لەرزۆکن، بۆیە بکورتی و بەناچاری، دەبێ لەو بڕوایە دابین بێپچەوانەی ئەوەی لەو ماوەیەدا شێخی مەلعون و لایەنگرانی کردویانەتە قاو و مەشکی خۆکی ئەو ناوچەیەیان پێ ئاخنیوە، دەوڵەتی عوسمانی لەوات و بەئاشکرا پشتگیری تاوانباران نیيە، هەرچەندە کارەکی واش بۆ هۆورکردنەوەی ئەم ئاژاوەیە ناکات، بەڵام لە واتیشدا نایەوێت خۆك بخەوە بزانن، کە پشتیوان و پشتگیری شێخ و لایەنگرانی دەکات. بکورتی ئەستا هەندك نیشانە دەبینرێن و بۆك هەوای وا دەگەن، ئەوە دەردەخەن بەیار و بۆنی دەوڵەتی عوسمانی و هەسوکەوتی، بریتیە لە هۆشە و ترساندنی "شێخ" و دارودەستەکەی.

بۆ نموونە: هەر بەو جۆرەی لەو نامانەدا دەردەکەون، بڕودوا بۆ بۆزتانم بۆ کردوون، تا هەفتەیەکیش بڕ لەئەستا، هەموو ئەو هەوانەی بۆنووسین و دەماودەمیش هەبوون، بریتی بوون لەوەی دەوڵەتی عوسمانی، پشتیوانی لە "شێخ" دەکات، ئەو هەوانەش بەجۆرێك بەاوبوونەوە و مەشکی خۆکیان پێ کردبوو، ببوونە هۆی ئاڵۆزی خەیاڵی هەموو لایەك و ئوەندەی نەمابوو ئاژاوەیەکی تازە لەم ناوچەیەدا هەڵایسە و هەمووان چاونۆڕی دەرکەوتن و دووبارە

هاتنەوەی "شێخ" بوون، بەڵام ماوەی هەفتەیەک، هەموو هەواڵکان بە پێچەوانەوەن و لەماوەی ئەم هەفتەیەدا، هەواڵی تازە و بەردەواممان پێگەیشتووون، لەڕاستیەوە نزیکن و بەریتیە لەوەی لەدوای ئەو کەبووندەوەیەی کۆمەکی شێخ و سەرۆك هۆزەکان و هەمزاغا لە شاری هەولێر کردبوویان و بەدەخشی و دڵنیایی تەواوەوە، بەمیوانی چووبوونە ماڵی "ماموستا ئاغای پیران" و چەند ڕۆژێکیش لەوێ خەریکی خۆ ئامادەکردنەکی تازەبوون، کەچی هێندە هێرسوکەوتیان لەلایەن سوارە و بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیەوە دیوە، بریتی بووە لە دەستگیرکردنیان و هێندەك ئاگاداریشیان لەمەڕ هەڵوێست و تەقاندنەوە پێگەیشتووە و هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی ترساندنیان و بەپەلە پرۆژە بەاوێیان لە کردووە، بە وێنە عەبدولقادری کۆی شێخ بە پەلە بە "نەهری" گەڕاوەتەوە و هەمزاغاش لە خاکی عوسمانیدا نەماوە و دیسانەوە خەی گەیاندەتەوە ئەو کوێستان و لەڕاوارە چانەی، کەوتونەتە دوورترین خاڵی سنووری ناوچەی سەردەشتەوە، لەو ڕۆژەوە گەڕاوەتەوە، وا خەی شاردەتەوە، کەس نازانێ لە کوێیە.
ئێستاش چەند نامەیەك سەبارەت بەدەنگوباسی تازەن و پێچەوانەی هەواڵ و نامەکانی پێشوون، هاوپێچ دەیان نەرمە خزمەتتان، بەکورتی دوای گەیشتنی نامەکانی بەڕێزتان و ئاگادار بوون لەناوەڕۆکی بروسکەکان، بە پێی کات و دەرفەت، نامەیەکی تەروتەسەلم لەبارەی هاودەنگی تەواوی دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ دەوڵەتی خەمان و بەڕێز ئاشکراکانی ئەو دەوڵەتەوە، بە بنەبڕکردنی ئاژاوەی "شێخ" و سزادانی تاوانباران و درێخستنەوەی هەواڵ درۆکانی "شێخ" و لایەنگرانی، بە هەموو شوێن و بە هەموو کەسێك ناردووە و بەهەی نووسینی نامەکانی من و لەبەر ڕۆشنایی گەیشتنی ئەو هەواڵانەدا، لەم دواییەدا پەیمان گەیشتوون، دەیسەلمێنن و پشتیوانی لەوە دەکەن، ئاوگەڕکی بەرچاو، لە بیروڕای خەڵك ڕوویدابێ و ئێستا خەیاڵی هەمووان ئارام بووبێتەوە.
لەگەڵ ئەمانەشدا بەگوێرەی ناوەڕۆکی تەلگرافەکان، بەڕێز من هەر پێم وایە دەبێ زۆر وریا بین و خەمان بپارێزین، ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە "سەلەمانی" یەوە هەتا "ڕەواندز" کە بەرامبەر بە"لاجان" و لەوێشەوە تا "وان" و "بایەزید" کە بەرامبەر "خەی" و "سەماس"ن، بە هەموو بنکەکانی سنووری خەی، چەك و سەربازی ناردووە و هەموو سەرۆك هۆز و ئەو خەانەش لەمبەرەوە چوونەتە ناو خاکی عوسمانی، هاتوچۆیان "لەمبەر" بە "ئەوبەر"ی سنوور بڕبەست کراوە و نایەڵێ کەس هاتوچۆ بکات، تەنانەت بڕیان بە "5 تا 10" بنەماڵەی پیاوی خەشمان گرتووە، کە ویستبێتیان بگەڕێنەوە.

لەو زیاتر سەرتان نایەشێنم
فەرمانی بەڕێزتان لەسەر سەرمە"
هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی داوە هێز لە باشووری کوردستا کێبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بارودۆخەکە بەرزەم (کۆنتڕۆڵ) بکات، لەم بارەیەوە حەسەن عەلی خان دوای هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بارودۆخی سنوورەکە بەنامەی ژمارە (110) سەرووی خۆی ئاگادار کردووەتەوە لە (بڕشی 6ی نامەکەدا) لەم بارەیەوە دەڵێت:
"نامەی ژمارە: 110
(بڕشی 6ی نامە)
لاپەڕە: 357-367
مێژوو: 23ی جەمادی دووەمی 1298 (23- 5- 1881ز)
بۆ: محەمەد ڕەحیم خان (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێز
ماوەیەك لەمەوبەر، لەنامەیەکدا فەرموبووتان: بزانم ئێو سەربازانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ سەر سنوور هێناونی، چەند کەسن و ئاخۆ ئێو سەربازانە، هەر بڕشی پاراستنی سنوور بکەن، یان لەشکرێکی زۆریان ناردووە و ئەم لەشکرە لە سنووردا، دژ بە دەوڵەتی خەمانە، یان لەگەڵ دەوڵەتی خەمان!؟.
ئەگەرچی من لەو بارەیەوە بە هەواڵ نەبووم و هەموو کاتێ لە زۆر سەرچاوەوە هەواڵم پێگەیشتووە، بەڵام بۆئەوەی زۆرتر دڵنیا بم و لەووی لەکەینەوەوە دڵنگوباسکە، ڕابگەیەنم، بەڕێز: ئاغا سەیید محەمەد ئەمین کۆی خوالێخۆشبوو حاجی سەیید بایز، کە (ئەمین شەرع)ی ئەرزەیە، ڕام سپاردووە تا لای خۆیەوە پیاو بۆ (سلێمانی) و ئێو ناوچانە بنێرە، بۆ ئەوەی بچێ و لەکەینەوەی پێویست بکات.
بەڕێزی ناوبراویش پیاوێکی تایبەتی ناردووە و هەر لە (سلێمانی) یەوە هەتا (پشدەر) و (ڕەواندز) و (باڵەك)، کە هەموویان هێزی سنووری عوسمانین، بەجوانی و بەوردی سەرنجی داوە و نامەیەکی زۆریشی لە زانایانی ناودار و ناسراوی (سلێمانی)، و شوێنانی تریش هێناوە، کە هەموویان جێی متمانە و بڕوان و منیش ئەم نامانەم بۆ خزمەتتان ناردن و بۆ زیاتریش زانیاری ئێوە، پلە و پایەی ئەم پیاوانەتان بۆ دێنووسم:
کاك ئەحمەدی شێخ: کەسایەتیەکی بەناوبانگ و ناسراوی خێڵکی (سلێمانی)یە و خاوەنی پلە و پایەیکی زۆر بەرزە و ڕاستگۆ و جێی بڕوا و متمانەیە و (80) ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە.
سەیید شێخ مستەفا: موفتی (سلێمانی)یە و ئێویش پیاوێکی سەر ڕاست و دروست و باوەڕپێکراوە.
مەلا محەمەدەمین دەرسبێژی قوتابخانەی(ڕەواندز)ە، کە پیاوێکی چاك و جێی دڵنیاییە.

هەر بەو جۆرەی سەر دەدەن و بەڵێنەرچاوگرتنی نامەی ئەو پیاوانە، کە هەمووی لەڕاستی نزیکە، ئەو هەڵەی دەوڵەتی عوسمانی بە سنووری ناردووە، بریتییە لە:
یەکەم: هەڵەکی زۆر نییە.
دووەم: بە ڕێگرتنە لە خۆ و هێز و سەرکوتی دز و پاراستنی سنوور، ئەو شوێنانەی بەپێویستی زانیون، وەک: سلێمانی، پشدەر، ڕەواندز و باڵەک، بەدرێژایی هێڵی سنوور، لەهەر جێیەکیش، هێزکی کەمی سەربازی بە ڕێگاگرتن لە خۆ و هێزی ناوچەکە دانەوە و جگەلەوە لەواڵەتدا وادیارە نیاز و مەبەستکی تریان نەبە، ئەو کردەوانەی لەو ماوەیەدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکرێن، نیشانەی نیازی ئەو دەوڵەتەن بە گرتنی (شێخ)ی مەلعون."
ئەو نامانە هەواڵ پرسینی نێوان کەسایەتیەکان و ناردنی زانیاری و هەواڵی ناوچەکە بە یەکتر، بەناوی حەسەن عەلی خان سوودی لە وەرگرتووە و سەرووی خۆی لە ئاگادار کردووەتەوە.

ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە

هەمیشە ئەوە دووبارە دەکرێتەوە کورد لەگەڵ یەکدا ناکۆکن و سەرانی کورد هەمیشە لە ململانێ و کێشەی بەردەوام دان، بگومان ئەمە سروشتێك نیە بەبەژنی کورد بڕابێ و هەر لە زگماکەوە کورد ئەمەی بە مابێتەوە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی سادە و دڵپاك و دڵسۆزی بەرامبەرەکەیانن و خۆشباوەڕن، بەگفت و بەڵێن و سوێند و پاکانەی دڵستەکانیان زوو باوەڕ دەکەن، لەلایەکی تریش دینداری چاك و ئایینپەروەری سەرانیان، بەجۆرێك زۆر لە دژەکانیش دان بەوەدانێن زۆر بەچاکی ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە و ئامادەن لەپێناوی پاراستنی قوربانیشی بێ بدەن، دوژمنەکانیش ئەو ڕاستیانە دەزانن و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دێنن و بەگژ یەکتریان دادەکەن، هەموو ئەمانە بوونەتە خاڵی لاوازی کورد بێ خەڵتاندن و لەخشتەبردن و کێشەو ململانێیان لە نێواندا دروست بکەن، تا ڕادەی بەگژیەکتریان دا بکەن، تا یەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد لەبەریەك هەڵتەکێنێ، لەلایەکی تریشەوە تا سەرێك خۆ و خەڵکی ناوچەکان بەسەر یەکترەوە بکەن بە جاسوس و چاودێر بەسەر یەکترەوە، بەمەش گومان و دڵدڕنگی لەیەکتری پەیدا بکەن، ئەمە بابەتێکە بەدرێژایی مێژوو بەردەوامی هەبووە و دووبارە بۆتەوە، لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریش دا سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی شێخ و چارەسەرە حەکیمانەکەی بۆ یەکخستنی هێزەکان، بەڵام ئەم خووە نەگریسەی ناکۆکی و ململانێیە، گەورەترین کاریگەری لەسەر شکستی ڕاپەڕینەکە دانا، تا کۆتایی ڕاپەڕینەکەش بەردەوام بوو، ئەوەتا حەسەن عەلی خانی گەووسی

فەرماندەی سابڵاخ خۆی بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێت، فیتنە و کێشە و ململانێی لەنێوان سەرۆك هۆزەکان دروست کردووە، تا دووبەرەکیان تێبکەوێ و پەنا بێ ئەوان بێنن و ئەوانیش لەو ڕێگایەوە بەسەریاندا زاڵ بن، ناوبراو لە مێژووی: 30 جەمادی یەکەمی 1298 کۆچی (30- 4-1881ز) بەنامەیەك عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (لە تەورێز) ئاگادار کردۆتەوە، وای کردووە زەمینەی ئەوەی خۆش کردووە تا دوو بەرەکی لە نێوان سەران و گەورەپیاوانی سەردەشت دروست بکات، لە بڕگەی دووەمی نامەکەدا دەڵێت:

"وەك لە نامەی پێشوودا عەرزم کردووە، لەم ڕۆژانەدا بەرنامەیەکم داناوە، تا زەمینەی ئەوە خۆش بکەم گەورە پیاوان و سەرانی سەردەشت لەناوخۆیاندا دووبەرەکیان تێبکەوێ و هەر خۆشیان بێنە بەربارەی ملکەچی، بۆ ئەمەش لە ئاغاکانی ئێرە، وەك: قادرئاغا و ئەحمەد بەگ و برایم بەگی برای گوڵاوی ئاغام خواست، تا هەر یەکەیان بۆجیا جیا لای خۆیەوە، نامە بۆ پیاوماقوڵانی سەردەشت بنوسن و خۆیان بکەنە ناوبژیکار و لەمپەری ئەوان، بەرنامەکەش سەری گرتووە، چونکە لەلایەکەوە خدرئاغا نامەی بۆ قادرئاغا نووسیوە و دەست و دامێنی بووە، لەلایەکی دیکەشەوە پیرەت ئاغا دەرگای نامە گەیەنەوەی لەگەڵ ئەحمەد بەگ و بایزئاغادا کردۆتەوە، بە وێنە: دوێنێ نامەیەکی پیرەت ئاغا، بۆئەحمەد بەگ و بایز بەگ و برایم ئاغا گەیشتووە و بەو جۆرەی نووسیوێتی، بەدڵنیایی ئەوانیش لەم ڕۆژانەدا بڕیار ئێرە دەت، خۆ ئەگەر ناوبراو بۆ ئێرە بێت، (کە لێنیە ئەواندا کەسایەتیەکی هەیە)، ئەوا گومانی پتەومان هەیە، خدرئاغا و ئەوانی تریش دوای دەکەون و چاو لەو دەکەن، ئاکامیش هەرچی بێت، بڕیاردوا بۆ پایەبەرزتانی دەگەینم".

هەروەها حەسەن عەلی خان لەفێ و دەهەکانی بەرامبەر هەمزاغا بەردەوام بووە و هەمیشە جاسوس و سیخوڕەکانی خۆی لە نزیك کردۆتەوە تا دەداوی بخا و شکست بەم قەڵەی ڕاپەڕینەکە بێنێ، لەهەمان نامەدا بۆ عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (لە تەورێز) لە بەشی سێیەمی نامەکەدا دەڵێت:

"لەبەرئەوەی دەمێك بوو شوێنی هەمزاغام بزاڤتە و دروستی نەدەزانی، بۆیە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، سەید محەمەدئەمینی کوڕی حاجی بایزم ڕاسپارد (کە ئێستا لەجێی باوکی ئەمینولشەرعە)، ئەویش نامەیەکی بۆکەسکدا بۆ هەمزاغا نارد.

دوێنێ، کە پێنج شەمە، 28ی مانگ بوو، کەسەکە گەڕاوەتەوە و دەرکەوتووە، ئەم ڕۆژانە هەمزاغا لە دوورترین جێگای سەر بە خاکی عوسمانییە، لە شوێنێك بەناوی "قەڵادزێ" سەر بە مەبەندی "پشدەر" و لە ڕابردووەدا شارێکی بەناوبانگ بووە و ئێستا وێرانییە، لەوێ

ڕۆشمانبیری هەڵداوەو بە دڵە خورپە و ترسەکی زۆرەوە نیشتەجێیە. وەڵامەکی زۆر کەم و کورتی بە سەیید محەمەدئەمین نووسیبوو، دەقی نامەکەم بە خزمەت بەڕێزتان نارد.
ئەو شتەش بەدەمیی بەنامەبەرەکەی وتبوو، ئەویە، هەر کاتێك شوێنی بنەماڵە و هۆزەکەی خۆی، کەناوچەی مەنگوڕ پێ بدرێتەوە، لەگەڵ فەرمانڕەوایی سەردەشت دا، ئیتر داوای ئەوەشی لێ نەکرێت بە لای فەرمانڕەوا بچێت، ئەوا خزمەت دەکات و باجی ساڵانەی سەردەشتیش ئاواو ئاوا دەدات.
وەك دەردەکەوێ پێش تریش سوپاسالاری ئێران " میرزا حسین خان" نامەی بە هەمزاغا ناردووە و تەقەللای تەفرەدان و هێنانەوەی بەهودەی لەگەڵ هەمزاغا داوە، ئەم قسە بێتامانەی هەمزاغا، هەر ئەو قسانەن، کاتی خۆی لەوڕێگا جەنابی سوپاسالاری گوێرا کردبوونی، کە نامەی ناردبووە لای و دڵنەوایی کردبوو.
بەکورتی، دیارە ئەم قسانەی هەمزاغا بە ئەوە نابن گومان لێ بگیرێ، ئاشکراشە بەم ترس و لەرزەوەی لە خراپەکاریی ئاژاوەگێیەکانی خۆی هەیەتی، بەهیچ جۆرێ دڵنەواییەك دڵنیانابێ و مەبەستیش لەم بڕیارنامە و پیاو ناردنە، هەر بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەقینە بووە، لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ژیانی هەمزاغا، کەبەدەستم هێناوە هەواڵەکەشم بەبەڕێزتان گەیاند و پوختەکەشی ئەویە، بەپێرەوچوونی سەرەمەی کاری هەمزاغا، بە یەکلایی کردنەوەی کێشەی سەردەشتەوە گرێدراوە."
ئاکامەکانی شەڕ تاڵان کردن و کچ ڕفاندن
هەمیشە کورد لە شەڕی دوژمنەکانیدا ئەگەر شکستی هێنابێت لە ئاکامدا تووشی کوشتار و سوتاندن و تاڵانی و کچ ڕفاندن بێتەوە، ئەم کارە قێزەونە تائێستاش دووبارە دەبێتەوە، بۆیە جاری وابووە وەك تۆڵە کردنەوە کاری وا لە کوردیش وەشابێتەوە، هەرچەندە هیچ بیرکردنەوەیەکی ژیرانە پەسندی ئەو کارە ناکات، بەڵام وەك پەرچەکردار و کاردانەوەیەك بە دوژمنەکانی زۆرجار ئەم کارەیان لێ وەشاوەتەوە، وەك لێرە حەسەن عەلی خان دەڵێت چەند ژنکیان بەدیل گرتووە، بەڵام لەبری ئەوە نەك سزای بەکو سوکایەتیشی پێ کردوون:
"نامەی ژمارە: 11
(بڕشی سێیەم)
لاپەڕە: 368- 373
مۆرخ: 30 جەمادی دووەمی 1298کۆچی (29- 5- 1881ز)
بۆ:/ محەمەد ڕەحیم خان (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام)
لەکاتی فیتنەکەی (شێخ)ی مەلعون، و تاڵان و کوشتاری (میاندواو)دا، چەند ژنکیشیان بەدیلی گرتوون. بە نموونە:

کچی حاجی حسین عەلی، کە پیاوێکی بەزدار و ناسراوی میاندواوە و مارە کراوی ئامەزاکەی خۆی بووە، برایم ئاغای ناپاك و دوو کوڕە ناپیاوەکەی خۆفانەدوویانن و بە (سەردەشت)یان بەردوون و لەوە هەشتوویانن، من لەو ماوەیدا بەردەوام لەبیری ئەوەدابووم، چەند جارێك لەمووبەر هەر دوو کوڕەکەی برایم ئاغایان گرتوون و هەنایانن. زۆر بەتوندی سزام دان و گوچکەیانم بڕی و ئێستاش لە کەت و زنجیر و گرتوخانەدان. لەلایەکی تریشەوە عوسمان ئاغای فەرمانڕەوای سەردەشتم ئاسپاردووە و داوای ڕزگارکردنی ئەو کچەم لێکردووە.
عوسمان ئاغاش لەناکاوێکدا چووە و ئەو کچەی لە برایم ئاغای ناپاك سەندۆتەوە و بە سابڵاخی ناردۆتەوە و منیش ناردم مام و مەردی ئەو کچەیان هێنان و پێم دانەوە. دوێنێش برایم ئاغایان گرت و هێنایان و ئێستا لەزیندان و کەت و بەندایە. بیروڕای من ئەوەیە، یان دەبێگام بفەرموون ئەم ناپاکەی ئەم تاوانە گەورەیەی کردووە، لەووی شەرع و داب و نەریتەوە، هەر لەسەر و لەبەرچاوی ئەم خەڵکە، بەردەباران بکرێ، یان ئۆگەر بفەرموون بەزنجیرکراوی بە (دەرباری-تەورێز)ی بنێرم و لەبەرامبەر ئەو تاوانەیدا، سزا بدرێ. بیستوومە دوو سێ ژنی دیکەش، کە هەزی (پیران) و (مەنگوێ) دیلیان کردبوون، قائیمقامی (ڤانێ) لێی سەندوونەتەوە. دوای بیستنی ئەم هەواڵە نامەیەکم بە قائیمقامی (ڤانێ) نووسی و پیاوێکیشم بەتایبەت نارد. تا ئەوانیش بەنێتەوە و بەخاوەنەکانیانی بدەینەوە.
فەرمانی جەنابت لەسەرسەرمە.”
هەروەها دەربارەی ئەو بابەتە هەواڵی سەرانی ئاپەینەکە حەسەن عەلی خان لە نامەیەکی تردا بە (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێزەنووسێ:
“نامەی ژمارە: 118
(بڕشی: 3، 5ی نامەکە)
لاپەڕە: 409
مەڕوو: 15ی جەمبی 1298 کۆچی (13- 6- 1881ز)
بۆ: محەمەد ڕەحیم خان(عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێز
-3-
لەنامەکانی مەڕووی کۆتایی مانگی جەمادی دووەمدا، بۆتەر و تەسەلی باسی وەرگرتنەوەی کچی (حاجی حسین عەلی میاندواو)ی لە (برایم ئاغای تاڵاو)ی ناپاکم کردبوو. لەو ڕۆژانەی لەسەرتای ئاژاوەکەی (شێخ)ی مەلعوندا، بەدیلی گرتبوویانن، کچی خوالێخۆشبوو (مەلا محەمەد جەعفەری موجتەهید) و کچی (ئاغا سەید عەلی) مارەکراوی کابرایەك، بەناوی (مستەفا بەگی میاندواو)ی بوون، کە کچی مەلا

محەمەد جەعفەر، بایز ئاغای کوڕی مامەند ئاغای پیران، بەدیلی بردبوونی، کچی ئاغا سەید عەلی ژنی مستەفا بگیش، لەلایەن برایم ئاغای مەنگور، بەدیلی گیرابوو، منیش هەمیشە لەبیری ئەوەدابووم لەدیلی ڕزگاریان بکەم، لەدوای لەکەینەوە و پشکنینی زۆر دەرکەوت هەر دووکیان لە شاری (هانیە)ن و لای ئەو ناپاکن.
لەبەرئەوە نامەیەکم بە (عەبدوڵا بگ)ی قائیمقامی هانیە نووسی و مستەفابەگی زاوای ئاغا سەید عەلییم لەگەڵ پیاوەکی تایبەتدا بە هانیە نارد. بەڵام عەبدوڵا بگ بەوپەڕی ڕەزو و پشوازییەوە وەریگرتبووون و هەردوو کچەکەی لەگەڵ مستەفا بگ و پیاوە تایبەتیەکەی منداڵ بە ساباخ بەڕێکردبوونەوە و نامەیەکیشی لە بارەی ئەو یارمەتیەوە نووسیبوو، کە پێی دابوون، لەبەرئەوەی ئەم دوو کەسە، بەتایبەتی کچی مەلا محەمەد جێی ڕێز و حورمەتن، لەگەڵ مستەفا بەگدا بەڕێزەوە بە (میاندواو)م بەڕێ کردنەوە.
فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە
-5-
نووسیبوتان شێخ سدیق و شێخ قادری کوانی شێخ عوبەیدوڵای مەلعون هەڵاتوون و کەسیش نازانێ بە کوێ چوون و بەسەرانی عەشایەری ئێم ناوچەیە ڕابگەیەنم، تا ئاگادارین و هەرکاتێ هاتنەوە لێم ناوە کرد بیانگرن.
منیش لەسەر فەرمانی جەنابتان، پیاوم بە هەموو لایەك ناردووە و بەهەموو بەرپرسان و سنووروانانم ڕاگەیاندووە، تا ئاگەر سنووری عوسمانیان بڕانەد، بە سێ و دوو لەکردن و ئەملاوئەولا، قەبەست دەکرێن.
لێم بارێوە دنیا و ئەرخایەن بن.
فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە"

ماویەتی ……..

قەیرانی هێشنبیر لە کەمەگادا

مەترسیە !... ڕاستی بەهادین

بوونی هەرمرۆڤێک پێویستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی و سیاسی ئەو کۆمەڵگای تێیدا ژیان دەکات لەم ڕوانگەوە هەرمرۆڤێک کە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا دژی ئەوا لەگەڵ مرۆڤکانیتردا ئەرک و بەرپرسیارێتی دەکەوێتەسەرشان ، ئەمش بە باشترکردنی ژیانە لە هەموو ڕوەکەوە .
ئەم ئەرکانەش لەبواری سیاسی ،ڕۆشنبیری و ئەخلاقیدا خۆیان دەبینێنەوە ، ئەرکی ڕۆشنبیر هەڵوەستە وەرگرتنە لە دژی ئەو بارودۆخە ناهەمواریی لە کۆمەڵگا ڕوو دەدەن ،
بە ئەمەش ڕۆشنبیر هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی کە پێویستە بە گۆشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی .

ڕۆشنبیر ویژدان و دەرکی کۆمەڵگەیە ، ئەو شتانە دەبینێت کە کۆمەڵگە نایانبینێت ، ئەو بۆیانی باس دەکات و کۆمەڵگەی لە ئاگادار دەکاتەوە ، ڕۆشنبیر لەگەڵ ڕۆخنەگرتن دەبێت کار بکات لەسەر هەقیقەت و ڕاستیە شاراوەکان و نیشانی کۆمەڵگەی بدات و کاری جددی بکات لەسەر بەاوکردنەوەی بەها باڵا و ئاکارە بەرزەکان ، و یارمەتیدەرێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بێت بە حاڵی بوونی باشتر لە دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و کلتوری ، کە ڕۆشنبیر بەدوای هەقیقەت و ڕاستی شتەکانەوە بوو و توانی مەعریفە بەرهەمبهێنێت ، ئەوکات خەباتی کارێکی ئەخلاقی دەکات ، نەک هەرکاتێك لە زیانی بوو دەست بەرداری هەقیقەت ببێت و قبوڵی نەکات .

ڕۆشنبیر دەبێت لە پەناو گەیاندنی ڕاستیدا نەسڵەمێتەوە لە وتن و جادانی ئەوەی کە بەبەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی دەشکێتەوە و دەبێتە هەکاری بەرەوپێشچوونی تاك و کۆمەڵگە ، بە ئەمەش ڕۆناکبیران هیچ کاتێك لەبەرەی دەسەاتدارانداە نین و نابنە سوپەری واتایان ، تاکی ڕوناکبیر هەمیشە دەبێت لە بەرەی ململانێکەرانی دەسەات و کلتورو نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەدا بێت بەبە گومدانە هیچ جۆرێکی سزاو هیچ گوشارێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی .

(هەڵباخ°) کە فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە پێیوایە کە ڕۆشنبیر تاکە کەسێکە و لەگەڵ ئەوانیتردا ئەندامی کۆمەڵگایە وە پێویستە پابەند بە کۆمەڵگا بجوڵێتەوە و لەگەڵ ئەوشدا دەستبەرداری کۆمەک لە

ئازادیکانی خەبات تاوەکو سوودی زیاتر بگەیەنێت گەروا نەبێت ناتوانێت هیچ ئامانجێکی ئەرێنی بەدەست بهێنێت .
کەواتە پێویستە هەشتبیر ئیرادەی خەڵکی بادەستی ئیرادەی کەمەگا بکات لەمەشەوە ئەرکە هەشتبیریکان دەتوانرێت لەتەواوی بوارە سیاسیەلەجی سیاسیەکاندا ببینرێن .بۆ ئەمەش جەخت لە ئازادی دەکاتەوە و عەقڵ و زانین پایەداردکات کە پێویستە بە بڕوپشچونی کەمەگا چونکە شکڵی هەر کەمەگا و نەتەوەیەک پێویستە با ئاستی هەشتبیریەوە کە بەد ئەخلاقی و زرداری دەپوکێنێتەوە ، بۆ ئەمەش ئەرکە هەشتبیریکان بەپێی یاساگەلێکی عەقڵمەندانە لەڕ دەگەڵن و گشت ئامانجەکیشیان هەش هوونی هاوڵاتیانە گەیاندنی کەمەگایە بۆ خۆشگوزەرانی

کەواتە ئەرکی هەشتبیر ئافراندنی شەشەکی گشتگیرە بۆزیاتر بۆیەکەوەلکاندنی جڤاکی ئەخلاقی و سیاسی بە زانستەوە ، زانستێک کە لە هەشی مرۆڤکی ئازادو سەربەخۆو سەریهەداو و بەرهەمی ئاوڵابوونی هزرینەکی سەربەخۆیە لەمەشەوە هەشتبیری دگاتەوە بە مانڵاستەقینەکەی خۆی و هەشتبیریش لەڕدا کەسەکە کە هەست بە ڵاستەقینەبوونی خۆی دەکات .
ماوەبەین کە قەیرانی هەشتبیر لە کەمەگادا وەک قەیرانی دەروون وایە لەناو جەستە .

° تیەری سیاسی لای ئەجەلان

پارێزبەندی پەرلەمانی … پارێزەر/ لوقمان مصطفی

هەرچەندە مەسەلەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران لە تەمەن کەمەایەتییەکاندا لە ئێستادا بووەتە رۆژەق و هەندێک کەس بە پشهاتەکی ترسناکی دادەنێن بە سەر مەسەلەی دیموکراسی و رای جیاواز لە هەرەمی کوردستان، بەڵام لە واقعدا ئەو کارە حاڵەتەکی ئاسایی و یاسایی کاری پەرلەمانییە ، بەو مەرجەی رەهەندی سیاسی لە پشتەوە نەبێت و یاسا لەسەر هەموان وەک یەک و بە جیاوازی

جێبەجێبکرێ. هەبەتە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ئەندامانی دەستەاتی یاسادانان کە ئەرکی چاودێریکردنیان لە ئەستۆدایە، بە بەچوونی هەندێك لە چاودێران بەرەنجامێکی خراپی دەبێت، بەو پێیەی لە هەندێك کاتدا هەڵگرتنی پارێزبەندییەکە پێوەندی بە کێسەکانی گەندەڵی و کێسەکانی تاوانەوە نییە و دەچێتە خانەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسی و تایبەتییەکانەوە.نمونەی سکاکەی سەرکی ئەنجومونی وەزیران لە دژی (سەران عومەر) پەرلەمانتار لەسەر لیستی کەمەڵی ئیسلامی.
بەپێی یاسا لابردنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران مانای کۆتاهاتنی ئەندامێتیان نییە وەك لە خولی پێشوو لە بەرانبەر سلێم جبووری هاتە ئەنجامدان و دوای دەرکەوتنی بەتاوانی گەندەڵیەوە ناو پەرلەمان، بەڵکو یەکەم هەنگاوە بۆ دادگاییکردنی کە بەهۆی ئەو پارێزبەندییەی ئەستێان لە پەرلەمان ناتوانرێت لە رووی یاساییەوە داگایی بکرێن. ئەوەش یەکەم بەیاری لەو جۆرێە لە خولی چوارەمی یاسادانانی عێراق.
تارق حەرب شارەزای یاسایی و دەستووری عێراق دان بە یاسایی لابردنی پارێزبەندی پەرلەمانتاران لەکاتی پشووی یاسادانان دەنێت ئەگەر لەسەر داوای دادگا بێت و داواکە لە کاتی پشوودا پێشکەش کرابێت، بەیێ مادەی 63 لە دەستووری عێراق ڕێگە بە سەرکی پەرلەمان دەدات بۆ لابردنی پارێزبەندی پەرلەمانتار بۆ گەڕانەوە بۆ دەنگدانی ناو پەرلەمان بەو مەرجەی داوای دادگا و لابردنەکە لە ماوەی پشووی یاسادانان بووبێت.
پارێزبەندی پەرلەمانی/ ((حەسانەی پەرلەمانی، بریتییە لە شەوازێک لە پاراستنی یاسایی کە دەستور دەیبەخشێت بە نوێنەرانی میللەت لە پەرلەمان، وەک جۆرێک لە حیمایەی سیاسی و یاسایی، تا ئەو نوێنەرانە بتوانن ئەرکە دەستوریەکانیان- وەک دەسەاتی یاسادانان و چاودێریکردنی دەسەاتی جێبەجێکردن- بە باشی بەڕێوەبەرن)). هەر وەک چۆن حەصانە بە دەقی دەستوری و حوکمی یاسا ئەکخراوە , وەك لە خاڵی دووەم لە مادەی 63 لە دەستوری کەماری عێراق ساڵی 2005 هاتوە , و لە مادەی 20 لە پەیەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەکخراوە .هەروەها لە مادەی 39و40 لە یاسای هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و مادەی 24 بە هەر هەشت بەگەکیەوە لە پەیەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان –عێراق ساڵی 2018 ئەکخراوە .
کەواتە..لە سەندنەوەی پارێز بەندی پەرلەمانتار،لە هەرەمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی مافێکی یاسایی و دەستوریە،بەڵام لە ئەستادا ووروژاندنی ئەو پرسە بە دوو مە بەستە: یەکلاکردنەوەی ململانێی

هەڵە سیاسییەکانە، واتە ڕەهەندی سیاسی لە پشتەوەیە،هەر وەها بە چاوترساندنی خودی پەرلەمانتارە کە نە توانەت جارێکیتر لە هەڵی سوور نزیک بێتەوە.

لە سەربەخۆیی کوردستانەوە.. بە سەربەخۆیی شارەکان!.. ڕزا شوان

لە ئەمڕدا، لە هەموو کاتێک زیاتر، بە هۆی پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و مەترسیدار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت.. داگیرکەرانی کوردستان بە گەلکەمەیی، بە نیهەنی و بە ئاشکرا، چەندین پیلانی گەاو و مەترسیداریان لە دژی هیوا و خواستەکان و ناسنامەی نەتەوەییمان داشتووون و جێبەجێ دەکەن، هەموویان هاوکارن و لە کەمین دان، بە ڕووبەووبوونەوەی گەلی کوردماندان، دیانەوەت هیوا و ئاوات و مافەکانی گەلکەمان لە گەبنەن.. بە هەناندی ئەم مەبەستە گاوەشیان، سەرەای کێشە و ناکێکیەکانیانی نەوانیان و ئەو کێشە ئابووریی و سیاسی و بکاریانەش، کە لە ناوخۆی وەاتەکانیاندا سەریان هەداون.. ئەوان هەموو ناکێکیەکانی نەوانیان بەلاوە ناوان و لە دژایەتیکردنی کورد دا، ڕکەن و هاوپیلانن و یەک بیارن و یەک دەنگ و یەک هەوەستن و موو ناچی بە نەوانیانەوە.
داگیرکەرانی کوردستان پێیەوی تیری (پارتکە و زاگە) جە بەجێ دەکەن، دیانەوەت کورد بە دەستی کورد بکوژن و لاوازمان بکەن.. ئەمەش چەکێکی تازەی داگیرکەرانی کوردستان نیە، بەکو چەندین جاری تر سەرکردەکان و هێزەکانی کوردیان لە خشتە بردوون، کەوتوونەتە تەڵە و پیلانی داگیرکەرانی کوردستانەوە.. خەنجەریان لە ملی یەکتری ناوە.. دژمنانیش چەپڵەیان بە لەداوین و پێیان پێکەنیون.
زۆر بەداخەوە، کە سەرکردەکانی کورد، بە ئەوانەی ئەمەشەوە کە ناوی خێیان ناون سەرکردەی کورد، تەمی نەبوونە و زۆر نەزانن و هیچ وانە و پەندێکیان، لە هەیەکانی شکستێیەکانمان و لە نەهامەتیەکانی گەلە داماوەکەمان وەرنەگرتوون.. مەژوو دووبارە و

دەبارە بەتاوە.. هیچ وانەیەکیان لە کیمیابارانو و ئەنفال و رشەکوژی و کەمەکوژی گەلەکەمان و لە وەرانکردنی کوردستانمان وەرنەگرتوون، هەر وەکو ئەوەی نە بایان دیبەت نە باران. ئەمەش بە ئەوە دەگەیەنێتەوە کە کەسی شیاو نین.. لە شوێنی شیاودا، ئەم سەرکردانەی کوردمان، لە سیاسەت و لە هونەری سیاسەتدا زۆر نابەدەن و فەیان بە سەر سیاسەتەوە نییە.. ئەو مافە سادە و کەمانەش، کە بە دەریایەکی فرمێسک و خوێن، بە قوربانیدانی هەزاران شەهیدمان هاتنەدی، سەرکردە قومارباز نەزانەکانی کوردمان بە ئاسانی لەسەر مێزی گفتوگۆدا دەیاندیان، چونکە لە سیاسەتدا کەسوارن و گەمەکەرێکی لەزانی سیاسی نین.. پێشبینی و گریمانەکانیشیان لەبەرچاو نەگرتوون.. بەوایان بە زەردەخەنەی ژەهراوی دوژمنانی کورد کردووە و نەیان توانیوە بە وردی دەروون و نیازە گەاوە شاراوەکانی داگیرکەرانی کوردستان بخوێننەوە.. هەردەم گەیان لەکردوون و کەاویان لەسەر کردوون.. بە هیچ بە دەست بوونە.
بە داخەوە لەوەتی کورد هەیە، هەرگیز رەک و یەکگرتوو و تەبا و یەکێز و خاوەنی یەک وتاری سیاسی و خاوەنی پرۆژەیەکی تەکمەی ستراتیژی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد نەبووینە.. بەجگە لە قازی محەمەد نەبەت، سەرکردەیەکی نەتەوەیی دەسزی کورد و کوردستان پەروەری تا سەر ئەسقان، لەمان هەنەکەوتووە کە بە دانایی و بە زانایی و بە رەحەکی نەتەوەییەوە کاربکات، هەوڵی ئەوە بدات، کە زەربەی کورد لەژەر چەتری کوردایەتیدا کەبکاتەوە.. بەشی زۆری سەرکردەکانی کوردمان لە هەڵی دەسەات و بەرژەوەندي تایبەتی خۆیان بوونە، چاویان لە پەست و دەسەات و سامان بووە.. گەر وا نەبوونایە، دەیان توانی دەوەتەکی سەبەخێی کوردی دابمەزرێنن.
هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان و نەیارانی گەلەکەمان، ئەم خاەنەرەنی و لاوازی کوردیان قەستوونەتەوە، بە پارە و بە پەستی کاتی سەرکردە خۆفرۆشکانیان کەیون. کوردیان لە یەکتری دابڕیوە و فیت و هانی براکوژی کوردیان داوە.
کە لە ساڵی (١٩٩٢) دا، کە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان لە باشووری کوردستاندا دامەزران، چاوەوانی ئەوەمان دەکرد کە سەرکردە و ئەندام پەرلەمانەکانی کوردمان. شەو و رۆژ وچان نەدەن و هەموو هێز و توانایەکیان بە خزمەتی گەلەکەمان تەرخان بکەن و برینە قووەکانی گەلەکەمان ساەژ بکەن.. نەفرەت لە شەڵی براکوژی بکەن و ببەتە هەڵی سووریان و دووبارەی ناکەنەوە و چیتر رەکانی گەلەکەمان بە یەکتری بە کوشت نەدەن.. پێکەوە رووی چەکەکانیان لە داگیرکەرانی کوردستان بکەن. لە بەغدا شەڵی بەدەستهێنانی مافەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەن.. دەست لە

بەرژەوەندییەکانی حیزب و لە بنەماکانی هەڵدەگرن.. ئیتر چاویان لە پست و دەسکەوتەکانی پارە نابڕێت .. دەستکەوتەکانی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵکوژکردنی ئەندامانی حیزبەکانیان، لە بنەمادا پاوەن ناکەن و فیفتی بە فیفتی ناکەن.. لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانەدا، گەزی و فەوفڵە ناکەن و کەسی دەسزیش هەڵدەبژێرن.. کەسی شیاو دەخەنە شوێنی شیاوەوە.. ئیتر دەستی گەندەڵکاران و دز و بەرتیل خۆران دەبڕنەوە.. کێرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستان دەگەڕێنەوە بە باوەشی کوردستان.. باشووری کوردستان دەبێت بە چرایەکی رووناک و بە قوتابیەکی ئازادی و کوردایەتی بە هەموو کوردێکی بەشکانی کوردستان.. لە دژی یەکتری نابن بە مەقاشی دەستی داگیرکەرانی کوردستان.. نابن بە جاش و بە نۆکەری داگیرکەرانی کوردستان.. لاپەڕەیەکی سپی هەڵدەدەنەوە و لەسەر مێزی گفتوگۆدا کۆتایی بە هەموو کێشە و گرفت و ناکۆکییەکانیان دەهێنن.. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانیش دەکەن بە دامەزراوەیی، لەژێر ناوی (لەشکری کوردستان) دا یەکیان دەخەن.. میلیشیا و هێزی تایبەتی حیزبی نامێنن.. یاسا سەروەر دەبێت و کەس لە سەرووی یاساوە نابێت.. هەموو کوردێک ئازاد دەبێت لە رادەربڕین و لە رەخنەگرتن و لە رای جیاوازدا.. دەمکوتی میدیا و رۆژنامەنووسانی ئازاد ناکەن، ڕەگی برسێتی و بێکاری و هەژاری و نەخوێندەواری و گەندەڵی و دزی لە بنەوە هەڵدەکێشن.

بەداخەوە کە هەمووی بە پێچەوانەی ئەو هیوا و بڕوانامانەدرچوون.. لە سایەی دەسکەوتێکی پاوانکراوی دوو بنەماڵەی خەسپین و عەشیرەتی و کەسانی نەشیاویدا.. دەسکەوتی کوردی ساڵ لە دوای ساڵ لاوازتر بووە.. درزی زەر گەورەتر کەوتەتە ریزی گەلەکەمانەوە.. دوو ئیدارەیی و ناوچەگەری و شارگەری و هاوبەستەبوون بە حیزب و بە کەسایەتی و بە بنەماڵە و بە عەشیرەت قووڵتر بەتەوە.. سەز و هاوبەستەبوونیان بە کورد و کوردستان کاڵ کردوونەتەوە.. لە ئەمڕۆدا خەڵکی باشووری کوردستانیان، بەسەر زەنگی زەرد و زەنگی سەوزدا دابەش کردوون.. پارێزگای کێرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستانیانیان بە تەواوی خستە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، ئەو دە و مزایدەشیان نەما، کە بە کێرکووک بڵێن (دەی کوردستانە) و (قودسی کوردستانە)، دەکەیان تووشی لەدانی دەکردووە، دووبارە کورد دەربەدەر خانووی کورد لە کێرکووک دەووخێنن و بە عەرەبتر کردنی قودسیان تەختر بەتەوە و درێژەی هەیە، هەردوو لایان ناپاکییان دەرهەق بە کێرکووک و ناوچەکانی تر کرد.

تا ئەمڕۆش لە دوای بە دەیان کتێبووە و دانیشتن، ململانێ و مشتومڕ و ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی کۆتاییان نەهاتووە.. چونکە (لەسەر ئاوە ڕەنگاوڕەنگ کە ڕەنگ نەکاون) ناکۆکییەکانیشیان لەسەر بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان نییە، بەڵکو لەسەر قورخکردنی پۆست و دەسەڵات و بەشی پارە و قایمکردنی بنەماڵەیی دایە. لە ئێستادا پارەی دزینی نەوت و ناردنی تەنکەرێ نەوت بە قاچاغی، کۆیار و بازاڕی کز و بەغداش بودجەی موچڕای راگرتووە.. کە پێکەوە بەشی بکەن.. دەنگی ڕق و تووڕەیی و ناڕازایی گەلەکەشمان تادێت زیاتر دەبڕێت.. بەڵێ پارتی و یەکێتی خەریکە یەکتری تەڵاق دەدەن.. بە داخەوە کە باجی ئەم هەموو ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوانەشیان، گەلە داماو و بەدبەختەکەمان دەیانداتەوە.. ئەوان خەیان و ماڵ و منداڵیان تەرن و دڵنیشنەوە.. هیچ باکیان پێ نییە کە خەڵکی برسی و بێکاربن.

(کریس کۆچیرا) کە ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە و دۆستێکی نزیکی کوردە، ماوەیەک لە باشووری کوردستان بوو، لە نزیکەوە ئاشنای کورد بووە، لە پەرتووکەکەیدا کە بە ناوی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی) ـی. کۆچیرا دەڵێت:
"مێژووی هیچ نەتەوەیەک بە ئەندازەی نەتەوەی کورد پڕ لە ناتەبایی نییە."
لەم کاتە هەستیار و مەترسیدار و چارەنووسسازەدا کە ڕووبەڕووی گەلەکەمان بەتەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگەشی لامەرکەزیەت بە سلێمانی دەکات و (ئەنجوومەنی شاری سلێمانی) دەیەوێت بەیاری لەسەر بدات.. ئەمە هەڵەیەکی مەزووییە و لەسەر یەکێتی زیر دەکەوێت.. بە پێچەوانەی ناوی حیزبەکەشیانەوە، ئەمەی ئەوان دەیکەن (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) نییە، بەڵکو (دابەشکردنی نیشتمانی کوردستان) ـە.. گەربەتو ئەم بەیارە سەربگرێت.. کێشە و گەبەن و ناڕازایی و دابەاندنەکی زۆری لەدەکەوێتەوە.. کەلەبەرەکی گەورەتر دەخەنە ریزی گەلەکەمان.. درزەکی گەورەتری تازش دەکەوێتە ریزی یەکێتییەوە.
ئەم بەیارەش خواستی داگیرکەرانی کوردستان دەنێتەدی، گومانی تێدا نییە دەستێشیان لە پشتەوەی هەیە، کە دەیانەوێت پەگەی کوردستان لاوازتر بکەن و دواتریش فیدراڵی هەیبوشنەوە.. هەڵی راست و چەپ بەسەر ناوی "هەرەمی کوردستان"دا بهەنن و ناوکەی بگەنەوە بە "شمال العراق".
لامەرکەزی شاری سلێمانی، چی لە دەزی کورد و لە داواکانی مافکانی کورد دەگەێت؟ ئایا کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان

دڵگەرمنتەوە بە باوەشی کوردستان؟ ئایا ئەمە دوو ئیدارەیی نییە؟ ئەی ئەمە دابەش کردنی باشووری کوردستان نییە بە چەند بەشێک؟ چوون بە بەغدا بە دوو شاندی جیاوازی کوردییەوە.. پێگە و سەنگی کورد هەندەی تر لاوازتر ناکات؟ ئەمە گەڕانەوە نییە بە دواوە و بە خاڵی هیچ..؟ ئەمە هەندەی تر کێشکانی کورد قووڵتر ناکەنەوە؟ ئەوە ناگەیەنێت کە خەتان دەخەنە باوەشی عەراقی داگیرکەرەوە و دەبن بە پاشکۆی حکومەتی شیعە؟ کە بەبێ پرسی ئەوان نەتوانن پەنجە بە ئاودا بکەن؟ بە خەتاندا بچنەوە و کورد و کوردستان مەکەن بە قوربانی ملهوڕی و و لووت بەرزی و ئارەزوو و بڕژەوەندییەکانتان.. تەر نەبوون، تاکەی هەر لە هەڵەی پێست و گیرفان پێکردن دان؟ تاکەی ئەو هەموو ستەمە لە گەلەکەمان دەکەن.

لە کاتی (سەدام حوسێن) ی گوبەگەدا، لە بەغدا گاڵتەی بە شاندی کوردی کرد و توانجی لە گرتن و وتی: کە دەتانەوێت کەرکووک بگەڕێنەوە بە سەر کوردستان، ئایا بگەڕێنەوە بە سەر هەولێر یا سلێمانی؟

لە کوردستانی گەورەوە، لە سەربەخۆیی کوردستانەوە، هاتنە سەر سەربەخۆیی شار. خۆریکی شار شارەنێن! لامەرکەزی کاتێک بە شارەکانی باشووری کوردستان گونجاوە، کە بە راستی خاوەنی فیدراڵییەکی بەهێزی یا کەنفیدراڵی بین. خاوەنی ژێرخانێکی ئابووری و دارایی خۆمان بین.. لە بەغدا دەست پان نەکەینەوە و نەپاڵێنەوە.. خاوەنی حکومەتێکی دەسەز و پەرلەمانێکی کارا و دەسەاتێکی راستەقینەی گەلەکەمان بین.

لە ئەمەدا کەسانێکی نەزان و هەرزەگە و خەپەرست و پێست پەرست و بنەماڵە پەرست، کە فەیان بەسەر سیاسەتەوە نییە و هیچ بەکگراوندێکی سیاسی و خەباتیان نییە و بە توانای خۆیان و بە پلە و پایەکانی ڕێکخستن و حیزبایەتیدا سەرنەکەوتوون، بەسەر شانی ئەم و ئەودا سەرکەوتوون و (لە پێکدا بوون بە کۆمک) و هاتوونەتە سەر حازری، یاری بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە دەکەن.. خاوەن پارەی زەری دزیی میللەتن و هەزی سەرکوتکردنیان هەیە.. گەلەکەشمانیان هەندە برسی کردوون، هەندە سەرکوت و دەمکوتیان کردوون لە برسان و لە ترسان دوایان کەوتوون. ئەوەی دوایان نەکەوێت نان بەاوی دەکەن.. خەپشاندانیش بکەن و داوای مووچە و مافەکانیان بکەن، بە شاق تێیان هەدەدەن و سوکایەتییان پێ دەکەن و بە فیشکیش وەاڵامی داواکانیان دەدەنەوە.. ئەوانەشی ڕەخنەیان لێبگرن، بە دەردی (سەرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان و عەبدولڵدستار تاهیر شەریف و کاوە گەرمیانی و ویداد حوسێن) یان دەبەن.

پەرلەمانی هەرەمی کوردستانیش، ناوەکی بە ناوەکە.. بووە بە پاشکۆی

حیزبەکان، بە دەنگی زەرینەی پارتی، هیچ یاسا و بڕیارێکیان بوەت تەیدەپێنن، یا رەتی دەکەنەوە، پەرلەمانتارەکانی پەرلەمانی کوردستان، بووکێن حیزبەکانیان.. چۆنیان بوەت وایان دەبزنن.. پەرلەمانێکی کارتۆنی ئیفلیج چی لێ باردایە؟.. ئایا پەرلەمان دەتوانێت، بانگی بڕیرسان و دەسەلاتدارانی دز و گەندەڵی بای حکومەت بکەن و لێیان بپێچنەوە و بە خەڵکی ئاشکرایان بکەن.. ئایا دادگاش دەورەت سزایان بدات؟ بێگومان ناتوانن.
داوا لە هەموو رەخنەگرانی گەلەکەمان دەکەین، کە بە سەربەخۆیی (لامەرکەزیەت)ی شارەکانی کوردستان، رازی نەبن و رەتی بکەنەوە.. پۆیستیشە نووسەران و شاعیران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و هەموو توێژ و چینەکانی گەلەکەمان، بە دەنگ نەبن و هەوەستیان هەبێت.. ئەگینا هەموومان باجی ئەم هەڵە گەورەیە دەدەینەوە.. چونکە جیاجیکردنی بەکرداریی، دوو ئیدارەیی و دابەشکردنی باشووری کوردستانە.

بە دووریشی مەزانن، کە وامان لێبکەن، کە دەبێت لە سلەمانی یا لە هەولێر(فیزە) وەربگرین، بە پاسپۆرت یان بە (پسوولەی پشتگیری) ئەم دوو حیزبە دەسەلاتدارە نەبێت، نەتوانین بە ئازادی هاتووچۆی شارەکانی باشووری کوردستان بکەین.

رەزا شوان
٥/ مای/٢٠٢٠

ئەو سێ گەنجەی هیوایان پێ بەخشیم … عەلی مەحمود محەمەد

پێش ساڵانی 2010, ئەو کاتەی سەرگەرمی چالاکییەکانی ناوەندی چاك بووم لە گەڵ سەدان کەسی هاوڕێم , لە کوردستان سێ گەنجی جیڤاراییم ناسی, سەرەتا شێخ سدیق ئەوارێك لە شاری کەرکووك گەنجێکی پێم ناساند کاسکێتێك بە وێنەی جیڤارای لەسەر بوو بەناوی سەرانی مامە حەمە, سەیرم کرد هیواکانی سەران, هیوای کازیوەی بیانە, ئەوەندە رون دەوانێتە ژیان, ئیتر سەران بووە هاوڕێی گیانی بە گیانیم,

دوا پەیامی ژینی نیوکاژەك پێش مەرگی بۆ منی نارد , فریا نەکەوتم دوا ئارەزووی وەرگرم , کاوەش هەروا تا بڵێی سور, سورتر لە چڕاوی خوێنی, گەشتر لە جیقاراکەی سەردەی, بەحەسرەتتر لە تامەزرۆی ژیانی هەژارانەی گەرمیانییەك , سەردەشتیشم لە کۆبونەوەیەکی چاك ناسی, لە گەڵ کۆمەڵك گەنج, هەندێ گەش و جوان و بە ئیرادە بوون, نازانم کامیان لەوی تر پێ ئومێدتر بوو بۆ ژیان, کامیان خەراتر بوو لە بڵێسەی نیگای باز, هەر هەر سەردەشت, ئەوەندە گەش و پڕ لە ئومێد بوو, زیاتر لە ئومێدی ئەوە سالێی جوتیارانی دەشتی هەولێر , تا خۆی لە باوەشی گردە عازەبانەکە بینییەوە.
ئەوە ڕۆژە چاك تاکە ئومێدی گەنجە یاخییەکان بوو, ئەوانەشی مان ئەوە بۆ ڕەکەوت دەژەن.

تاوان ئەم سێ گەنجەی ئومێدی منیان لەسەندەوە, تاوانباریش تا هەنووکە لە سزا دڕبازن, هەرسەکیان لەزێر شتدا هاوبەش بوون, هەژار بەڕام لە مەشکدا دەوەمەند, یاخی لە زوڵم بەڕام میهرەبان و دەستەمۆ لە عەشق, ناڕازی لە ستەم بەڕام کۆیلەی نازی باوەشی دایکە سەربەرزەکان, هوشیار بە هوشیاری چینایەتی, جیقارایست, ئازادی و عەدالەت لە نیگاکانیان دەباری, لە نینۆکەکانیان دەچڕی, هەناسەیان ئومێدی لە دەتکا , کە ئەوانم ناسی وتم نا هەشتا ئاوات ماوە بۆ جیهانێکی عەدالەت.

خەشەویستانم سەردەشت و کاوەو سەران, یاداوەری ئەوە هەمیشە لە دەمدایە, لە باوەڕو ویژدانمدایە, ڕێگای هیواکانتان چەندە سەخت و دوربەت, بە زەڵکەی لانادەم , بنەوون بە ئارامی لە پاڵ مامەستاکەتان هاوڕێی سەر کەاو دەکانتان, ئاگڕ بۆ جەستە دنیایەك فرسەخ لەوێی دوورن, بەڕام لە ژێر باڵی ئەودا , لەم مەبەندی ڕەشایی و نا ئومێدییە هیوا دەچنن .

کرێکاران لەسەردەمی کۆرۆنادا … ئەحمەد کامەران

سەرەتا پێش ئەوەی دەست بکەم بە بەنووسینی وتارەکەم دا, سڵاوێك بۆ

رووحی پاکی ئەو کرێکارە زەحمەتکێشانە دەنێرم کە لەپێناو جەنگ کردن لەگەڵ نان و ئازادی گیانی خۆیان سپاردوە , هەروەها سڵاوم بۆ سەرجەم ئەو کرێکارە زەحمەتکێشانانە هەیە کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی خەبات کردن ئامادەن لەپێناو بەدەستهێنانی نان و ئازادی و یەکسانی دا, کە هیچ کاتێکیش کۆلیان نەداوەو بەردەوام بوونە لە خەباتی خۆیان لە دژی سیستەمی سەرمایەداری دا, کە لە خەبەتاکەیان دا ئاوات دەخوازن رۆژێك بێت چیتر جیاوازی چینایەتی نەمێنێت و سەرجەم چینەکان بەچینی کرێکارانەوە لەژێر چەتری یەکسانی دادپەروەری دا بژین و ئیتر کۆتایی بە ئەقلیەتی فاشیلی سەرمایەداری بهێنرێت…

وەکو هەموو بزنەکانی تردا , ساڵانە لە یەکی ئایاردا , یادی چینێك دەکرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو بۆتە قوربانی دەستی سیستەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی دا, کە ئەو چینەش , چینی ماف خوراو چەوسێنراوی کرێکارانە,خۆی لە راستی دا ئەم رۆژە بۆ کرێکار هیچ جەژن و خۆشی نیە بۆیان , بەکو پیشاندانی ئازارەکانیانە بەرووی جیهان و سەرمایەدارانی کۆنەپەرست,بەڵای من ئەوکاتە دەبێتە جەژن بۆ کرێکار کە چیتر لەژێر سیستەمی سەرمایەداری دا نەچەوسێنرێنەوە و سەرجەم مافە خوراوەکانیان بەدی بێت, هەتاوەکو ئێستا کرێکاران بۆ پەیداکردنی پارووپەکی نان دا چەندین رۆگای سەخت و کاری قورس پێیان ئەنجام دەدرێت , کە زۆرجاریش لە ئەنجامی ئەو کارە قورسانەدا , کرێکار زیانی خۆی لەدەست دەدات , لەپاشانیش هیچ جۆرە بیمەیەك بۆ خۆزانەکەی دەستەبەر ناکرێت, جگە لەوەی کە خۆی هیچ جۆرە بیمەیەکی نیە لە کاتی کارکردنی دا, کەچی سەرمایەداران بۆ باکن و تەنانەت گاڵتەیان بە مردنی کرێکارێك دێت و زۆر بێباکانە هەڵسووکەوت دەکەن لەبەرامبەر کرێکارەکە و خۆزانەکانیان دا , کە ئەمەش نابێت چیتر قەبول بکرێت , بەکو دەبێت کرێکارانیش هاوشێوەی هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگادا بەکو بەزیادەوەش , دەبێت سەرجەم خزمەتگوزاریە تەندووستیەکانیان بۆ دابین بکرێت, لەهەمان کاتیشدا نابێت ئیتر کرێکاران بچەوسێنرێنەوەو ژیانیان بکرێت بە دۆزەخ , چوونکە سەرەنجام چینی کرێکار بە داینەمۆ بەرهەم هێنەری وڵات دادەنرێن, بەڵام بەداخەوە خۆیان بۆبەش بوونە لەو بەرهەم هێنانەی کە لە وڵات ئەنجامی دەدەن.

جیاوازتر لەهەموو ساڵانی دیکەدا, ئەم ساڵ یەکی ئایار هاوکات بوو لەگەڵ شەپۆلێکی کووشندەی دژ بە مۆڤایەتی دا کە ئەویش بۆاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا بوو لەبەشکی زۆری وڵاتانی جیهان دا, کە بە بۆاو بوونەوەی ئەم قایرۆسە بووە هۆی داخستنی سەرجەم کارگە پیشەسازیەکان و بازارەکان بە ڕووی تاکەکانی کۆمەڵگادا, بەڵام ئەوەی کە لەم نێوەندەدا , گەورەترین زەبری ئابووری

بەرکەوت, ئەویش چینی کرێکاران بوون , کە بەشێکی زۆری کرێکاران لەجیهان لەکارەکانیان دابڕان و نزدرانەوە بێ مانەوەو , کە هاوکاتیش ئەم قایرسەش وا تەماشا دەکرێت کە دووبارە کودەتایەکی تری سەرمایەداران بوبێت بەسەر چینی کرێکارانەوە, بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەرمایەداران هیچ جۆرە زیانێکی مەترسیداریان بەرنەکەوتوە لە ئەنجامی ئەم قایرسە, ئەمەش بەهۆی ئەو سامانە زۆرەیان کە لە ڕۆگای ماندبوون و بەرهەمی شەو و ڕۆژەی چەندین ساڵەی کرێکارانەوە بەدەستیان هێناوە, بۆیە دەبێت سەرجەم ئەو سامانانەی سەرمایەدارەکان بگەڕێتەوە بۆ گیرفانی کرێکارانی ماف خواراو دا, بۆئەوەی چیتر لەناخشی و چەوساندنەوەدا نەژین , لەهەمانکاتیشدا دەبێت ئیتر یەکسانی و دادپەروەری ئابووری و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە لەنێوان هەموو تاکەکان دا.

دیمانێ لگەڵ مامۆستا رزگار خدر … سازدانی: ڕێستەم خامۆش

م. ڕزگار خدر:
دنیای منداڵ, دنیایەکی ڕازاوەو تایبەتە

بۆ گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکانی ئەو بوارەۆ، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ بەڕێز"م. ڕزگار خدر" ی شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ساز بدەین.

- ڕزگار خدر مستەفا" لە 3/7/1964 لە گەڕەکی کانیسکان ی شاری سلێمانی لە دایك بووە.
- سەرپەرشتیاری پسپۆڕیی لە پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژیار و سەرنووسەری گۆڤاری ئاراستەی پەروەردەیی.
- خاوەنی سێ منداڵە بەناوەکانی: (فرێ ، دینێ ، باکێ).

ئەم بەرهەمانەی چاپکردووە:
١- ئاڤێستا کلتوری دینی و نەتەوەیی کورد، لێکۆڵینەوەی مێژوویی.

٢- غەمنامە، دیوانێ شیعر.
٣- خەمە پەروەردەییەکان، کۆمەڵێک نووسینی پەروەردەیین.
٤- سێ پەند، کۆمەڵێک چوارینێ شیعری پەروەردەیین.
٥- هەڵوربلور، دیوانێ شیعری منداڵان.
6- باپەروەردە خۆمی هەمووان بێ، کۆمەڵێک بابەتی پەروەردەیی.

سازدانی: ڕێستەم خامەش

پرسیار: لە کێوەو شیعر بۆ منداڵان دەنووسی؟
وەڵام: دنیای منداڵ دنیایەکی ڕازاوەو تایبەتە, تاکو بتوانم ئاوێتەی نەبیت ناتوانی دەربڕی خواست و ئارەزووەکانی منداڵان بی، سەرەتا دەمەوێت بڵێم وەک پەروەردەکار هەمیشە ئارەزووم بووە بەهەموو شێوەیەک خزمەت بە بواری پەروەردەبکەم, خۆم بتوانم تەرخان بکەم بۆ خزمەت لەو بوارەدا و کاتێکیش بووم بەسەرشتیاری پەروەردەیی لەپەلدا و لە قیستیڤاڵ و چالاکیەکاندا ئامادە دەبووم, منداڵان بە خوێندنەوەی شیعر و بەچالاکیی جوان پێشوازیان لە دەکردین، ئارەزوم بوو ڕۆژێک منیش هەنراوەیان بۆ بنووسم و پاداشتی ئەو پێشوازیە جوانیان بدەمەوە و لەو ڕێیشەوە خزمەتێک بە بواری پەروەردە بکەم، دەتوانم بڵێم ئەوان بوونە ئیلهام بخشی هەنراوە نووسینم بۆ منداڵان و تێکڕا بوون بەو دونیا پڕ لە تڵیسمی جوانییەی ئەدەبی منداڵان.

پرسیار: تا ئێستا چەند بەرهەمت بۆ منداڵان چاپکردووە، ئێگەر ئاماژە بۆ ناوەکانیان بکەی؟
وەڵام: لەزەربەی گۆڤارەکانی منداڵاندا هەنراوەم بڵاوکردۆتەوە و یەک دیوانە شیعرم چاپکردووە بۆ منداڵان بەناوی (هەڵوربلور)، وە دیوانێکی ترم ئامادەیە بۆ چاپ.

پرسیار: تایبەتمەندیی شیعری منداڵان چیە؟
وەڵام: نووسین بۆ منداڵان ئاسان نییە, کە ڕێنگە هەندێ کەس وابیربکەنەوە, تۆ کە بۆ منداڵان دەنووسیت دەبێت تۆاو ئاوێتەی دنیای منداڵان بی و بچیتە دنیای پڕ لە خەیاڵی جوان و ڕازاوەی ئەوانەوە، بەزمانێکی سادە بنووسی، دووربیت لە وشەی قەبەو ئاڵۆز، دەبێت وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ئەوان بێ و دووربێ لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ, کە منداڵ بێزار دەکات، بنەماکانی مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزیی و گیانی هاوکاریی و لێبوردەیی و بەرەنپارێزیی و ئاژەڵدۆستیی و تەندروستی... لەخۆبگرێت بڕێی ئاست و قۆناغی تەگەیشتنی منداڵ بنووسرێت، دەبێت هەڵگری پەیامی تۆاوکاری

پەروەردەی دروست بێت.

پرسیار: لە ئێستادا ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، چۆن دەبینی؟
وەڵام: لە ئێستادا کەمێک نووسەر و شاعیری باشمان هەیە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵانی کورددا، گەر بڕاوردی بکەی بەساڵانی پێشوو، بەڵام پێویستیان بەهاوکاریی هەیە, پێویستمان بە وەرگێڕانی لەبواری ئەدەبی منداڵان, تا زیاتر نووسەرانی خۆشمان ئاشنا بن بە تەکنیکی نوێی نووسین و خەیاڵی فراوانیی دنیای منداڵان, پێویستە دەزگایەک هەبێ بە وەرگێڕان لەئەدەبی گەلانەوە بە کوردی و بەپێچەوانەشەوە وەرگێڕانی نووسینی نووسەرانی کورد و ناساندنیان بە دنیای دەرەوە.

پرسیار: وەکو دەزانین زۆربەی گۆڤارەکانی تایبەت بەمنداڵان لە ئێستادا دەرناچن و بەناوناکرێنەوە، ئەوش وادەکات، کە بواری چاپکردنی بەرهەمی منداڵان پاشکۆ بکات و هەر خودی منداڵانیش لە سوودەکەی بەبەش بن، بەڵێ زۆر پێشنیارت چیەو چی بۆ چارەسەر دەزانی؟
وەڵام: بەداخەوە زۆربەی ئەو گۆڤارانەی خزمەتێکی باشیان بە ئەدەبیاتی منداڵان دەکرد, لە ئێستادا لەبەرنەبوونی هاوکاریی داگیراون, نەحکومەت هاوکارییان دەکات, وە بڕاستی وەک گلەییەکیش نەخێک هاوکارە، ئەو خەکە ئامادەیە بۆ پارەیەکی زۆر بدات بە مۆبایل و ئایپاد و... چی و چی, بەڵام بیر لە کەینی گۆڤار و کتێب ناکەنەوەو لەگرنگیی و بایەخیان تێناگەیشتوون. هیوادارم, کە هەمووان هاوکار بن, وەک حکومەت و وەزارەتی پەروەردە، وەک خێک و کەمپانیاکان بەبایەخەوە بڕوانن ئەو گۆڤارانە و هاوکاریان بن.

پرسیار: هەر چەندە کتێب و نامیلکەی تایبەت بەمنداڵان کەمن، بەڵام ئەوەندەی کە هەیە لەوە باشترە کە هەر نەبێ، جا بۆ ئەوەی منداڵان ئاشنا بکرێن بەکتێب، بۆ ئای تۆ هەنگاوەکانی بۆکڵتوور کردنی خوێندنەوە چین و بۆکام لایەنگە دەتوانرێ ئەم کارە گرنگە بکرێ؟
وەڵام: بۆ بۆکەڵتووریکردنی خوێندنەوە, ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانی هەمووان, گەر بمانەوێ نەوەیەکی هۆشیار و پێگەیشتوومان هەبێ, دەبێت بزانین, کە کتێب باشترین هاوڕێ و مامۆستایە, کە دەتوانێت لە هەموو جۆگەیەک هاوکارێ، بۆ خوێندنەوە توانای ژیریی زیاد دەکات و تێگەیشتنی منداڵ و ئاشنابوونی بۆ دەوروبەر فراوان دەبێ، توانای ئاخاوتنی زیاد دەکات و دووری دەخاتەوە لەشەرم و گۆشەگیریی، خەیاڵی فراوان دەکات, گۆشە بەدەماركانی مێشک دەدات، هۆفتاری ئەرێنی لەمنداڵدا بەرجەستە دەکات... لەبەر هەموو ئەم

هەکارانە دەبەت خەزان و قوتابخانەو دایک و باوک و مامەستا هەمووان هاوکار بن لەهاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوە لە باخچەی منداڵانەوە دەبەت دادەکان حەزی خوێندنەوە لای منداڵ بەرجەستە بکەن, حکایەت و چیرۆکی بۆچۆڕیان بۆ بخوێننەوە، گرنگیی بە بوونی کتێبخانە لە ناو ماڵ و لە قوتابخانە بدەن و دایک و باب لەبەرچاوی منداڵ بخوێننەوە, چونکە منداڵ لاسایی گەورەکان دەکاتەوە حەزدەکات وەک ئەوان هەڵبکات و لە بنەکاندا کتێب بکەنە دیاریی بۆیان، سەردانی کتێبخانەیان پێبکەن و بۆپەی تێگەیشتن و قەناغی تەمەنیان کتێبیان بخەنە بەردەست، لەپای پاداشت و کردەوەی جوان گۆڤار و کتێبیان بۆ بکەنە دیاری.

پرسیار: زۆربەی شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان بەرهەمی ئامادەیان هەیە بۆ چاپ، بەڵام بەداخەوە خەیان وەک پێویست ناتوانن چاپی بکەن، پێشنیاری بەڕێزت چیە؟
وەڵام: وەک لەوەڵامی پرسیارێکی پێشووتر ئاماژەم پێکرد ئەوە ئەرکی وەزارەتی هەشنبیریە, ئەرکی کەمپانیا و دەزگاو دامەزراوە ڕەشنبیریی و پەروەردەییەکان, که هاوکاری نووسەران بن لەچاپکردنی بەرهەمەکانیان, لە وڵاتانی دنیا نووسەر لەسەر چاپکردنی بەرهەمەکانی دەژی, کەچی بەداخەوە لەلای ئێمە دەبە نووسەر بۆپارەی خەی و لە قووتی خەی و ماڵ و منداڵی بگرێتەوە بۆ چاپکردنی بەرهەمەکی, دواتریش هەمووی لەسەر هەفەی کتێبخانەکان بۆ خوێنەر و کەیار دەمێنێتەوە و دەبەتە مایەی زەرەر.

پرسیار: بۆ هەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هەبوونی ئەو هەموو تەکنەلۆژیایەتییە و بەکارهێنەرکی زۆری ئینتەرنێت لەلایەن گەورەسالانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا زۆرک لە منداڵانیش لە هەگەی مۆبایل و ئایپادەوە بەکاری دێنن، بەڵام بۆ ئەوەی زیانی نەبێ و بۆ شێوەیکی تەندروست بەکاری بێنن و سوودی لێ وەربگرن، چی بەباش دەزانی و هەنماییت چیە بۆ دایکان و باوکان؟
وەڵام: بەداخەوە هەمووان ئیمە دەرهاویشتەی خراپەکانی تەکنەلۆژیاو تەکنەلۆژیاییەکان دەبینین و دەستوەستان و بێچارەین, کە بەدیوەکی تردا هەنگاو بتوانین بۆ قازانج بیگۆڕینەوە گۆڕهانی منداڵان و نەوجەوانان بدەین بۆ دروست بەکارهێنان و سوودبینین لێی، واقعی ئێمە سەپاندوێتی بەسەرماندا و پێشکەوتنی کەهەگە و داهێنانەکان دەتوانن هەموو سوود بەخشن بن و هەم زەرەرمەند, ئەوە خەمانین, کە بۆیار دەدەین بۆچ دیوەکدا بەکاری ببەین، دەبەت دایک و باب، مامەستایان هاوکاربن بۆ چۆنێتی بەکارهێنان و سوودبینین لە

تەکنەلۆژیای سەردەم و نەبینە کێلەو هەگری هەمیشەیی و دابڕان لەدونیای دەروەو.

پرسیار: منداڵ، کاتێ شیعر، یان چیرۆک دەخوێنێتەوە، یاخود بۆی دەخوێنرێتەوە، پێی خۆشە وێنەی لەگەڵدا بێ و بیبینێ، بۆچی؟
وەڵام: بوونی وێنە و ڕەنگەکان سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێ و چێژ و توانای هەستی بینین دەیان جار زیاترە لە بیستن, ئەمەش زیاتر وا دەکات گرنگیی زیاتر بە وێنە بدرێت لە گۆڤار و کتێبی منداڵان.

پرسیار: تا چەند گەشبینی بە ئایندەی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد؟
وەڵام: گەشبینم بە بوونی کەسانی دەسەز و خەمخۆر لەو بوارەدا، نووسەرانی پڕ هیوا دەبینم, کە کێنادەن و بەردەوامن لە نووسینی شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و خەمخۆرانێک لە مامۆستایانی دەسەز, کە هاندەری بۆ کەلتووریکردنی خوێندنەوەن.







کتێبێک بۆ تامی ئاستەقینەی شیعر

(لەم کتێبەمدا هەوڵدراوە پانتاییەك بۆ ئەو زەمەنە خراو پچڕپچڕە بدزمەوە و تێدا گوزارشت لە هەندێ چرکەسات بکەم، کە تەنیا شیعر دەرەقەتی دێت. خودی پڕۆژەکە لە فۆرمێکی ناجێگیردایە، دەربڕین و ڕزگاربوونە لە دۆخێك کە لە نێوان شاعیر و ئەوی دیکەیە، گۆڕانێ بۆ دوای دزێنەوەی ئەو شوناسانەی تاریک کراون و مرۆڤ لێنەو ئەو شوناسە تاریکانەدا، خرێکە خۆی وەک مرۆڤ لە بیر دەکات. ئایە شیعر دەتوانێت ئەو خە لەبیرکردنەی مرۆڤ بکاتە خە بەبیرهێناوە؟ ئەو

پرسیارەکە و وەڵامەکی زۆری دەوێت.
خەمێك بەرەکی هەموو شیعرەکانی گرتووە، خەمی مرۆڤبوون، پرسیار لە مرۆڤبوون، قووڵبوونەوە لە دیوە نەبینراوەکەی مرۆڤبوون، ئیشکردن لەسەر ئەم خەمە، کە خەمێکی وجودییە، هەنگە ئەم خەمە خەمێک بێت بۆ ئاسانی نەبیندرێت و تەنیا شیعر بتوانێت بیبینێت. لەپاڵ ئەو خەمەدا وەستان لەسەر کەمەڵە چەمکێك و تەڵامانیان لە ناو بازنەیەکی شیعریدا جەختی لێ کراوەتەوە. کێی ئیشەکە ئەزموونێکی جیاوازی منە، کە دەکرێ بڵێین بەرهەمی ساڵانی 2011 بۆ 2016.)

پێڕفایل:
تەیب قادر، دانیشتووی هەولێرە، لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بەناوی (کتبێك لە گیای ئاوەدانی) لەلایەن سەنتەری هەتاو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ساڵی ٢٠١٧
کەمەڵە شیعری (مرۆڤێك لە نزیکمانە) لە لایەن ماڵی وەفایی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، نوێترین بەرهەمی شاعیر، (دەستێك لە دەرەوەی خۆی تەنیایە)، بڵیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە لایەن ناوەندی کلتوور چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

گرنگی و ئامانجەکانی ڕۆشنبیری مندااڵن … ڕەزا شوان

مندااڵن لە هەموو جیهاندا، گەورەترین و گرنگترین چینی پێکهاتەی کۆمەڵگاکانن. سروشتی و ئاسایی کە خاوەنی ڕۆشنبیری سەربەخۆ و تایبەتی خۆیان بن، چونکە جیهانی مندااڵن لەگەڵ جیهانی گەورەکاندا جیاوازە.. مەبەستیش لە ڕۆشنبیری مندااڵن، تەنها بە دەستهێنانی زانیاری و سەرکەوتن لە خوێندن و قوتابخانەدا نییە، یا لە ڕادەی بەکگراوندی زانیاری لە بوارێک لە بوارەکاندا نییە. مندااڵنیش وەکو گەورەکان، یاسا و شێوازی گوزارشتکردن و دەربڕینی خۆیانن. خاوەنی زمانی ساکار و فەرهەنگی وشە و ئەدەب و هونەری خۆیانن. شێوازی بیرکردنەوە و تەواوانین و بڕیاری خۆیان هەیە، بە بەدەستهێنانی خواست و پێداویستییەکانیان.. هەموو ئەم میتەدانە، شێوەیەکی تەواو پێکدەهێنن کە بە ڕۆشنبیری مندااڵن ناودەبرێت..

ڕۆشنبیری منداڵان هەر ئاوا نییە کە هەیانکە بە ڕۆشنبیریکردنی منداڵان.. بەڵکو ئەم سنوورە تەدەپەڕێنێت و مەودایەکی فراوانتر و گشتیتر دەگرێتەوە.
باسکردن لە ڕۆشنبیری منداڵان و لە گرنگی و لە ئامانجەکانی، باسکردن نییە لە ڕووی هزرییەوە، بەڵکو باسکردنە لە پەیستییەک لە پەیستییە گرنگییەکانی ژیان.. چونکە مرۆڤ بەبێ ڕۆشنبیری، دارێکی زەی بێ بەر و بێ بەخشینە.
لەم سەردەمەدا، لە سایەی گەشەکانکاری و تازەگەری و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و داهێنانەدا، گرنگیدان بە ڕۆشنبیری منداڵان، یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی پەروەردە و گەشەکردنی منداڵێتی.. لە سایەی جیهانێکی کراوە و هەیەکانی خێرای گەیاندن و بە سنووری و کرانەوە و لە یەک نزیکبوونەوە و تێکەڵبوون و فرە ڕۆشنبیری و بە جیهانی بوونی ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیری بە گشتی، پێشکەوتنێکی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە، ڕۆشنبیریی جیاوازەکانی گەلان، زەر یا کەم کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. هەندێ کەمێگاکان، ئەم گەشەکاری و ئاشنابوونە بە فرە ڕۆشنبیری، وەکو هێشەی دەزانن، کە ڕووبەووی ناسنامەی ڕەسەنی ڕۆشنبیری منداڵانیان بوونەتەوە.
بەگومان ڕۆشنبیری گرنگترین فاکتەرە، کە دەکرێت یارمەتییەکی زەری منداڵان بدات، لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن و پێشکەوتن دا، لەم سێ ئاستدا: ئاستی پیشەیی، ئاستی زانیاری، ئاستی کەمایەتی.
چەن تا ئەمڕۆ لە جیهاندا، لەسەر دەقێکی پێناسەیەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری گشتی ڕێنکەوتوون و چەندین پێناسەی جیاوازیان بە کردوون.. هەرچەندە تا ئەمڕۆش لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری منداڵانیش ڕێنکەوتوون، لە ڕووی بەرهەمهێنان و شێوە و ناوەڕۆکی سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری منداڵان، چەندین پێناسەی جیاوازیان بە کردوون.. بەڵام بەپێی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری منداڵان، دەتوانین هێندە لە جۆرەکان و لە شێوەکانی جیابکەینەوە، وەکو: چیرۆک، هۆنراوە، شانۆ و ئەپۆرێت، سروود و گۆرانی، وێنەکێشان، قسەی خۆش و سوعبەتی جۆقۆنگی، سەرەڕای داب و نەریت و بیروباوەڕ و ڕەفتارە کەمایەتییەکان. هەموو ئەم بابەت و سەرچاوانە، سەرچاوەی ڕۆشنبیری منداڵان پێکدەهێنن.. هەر بەرهەمێکی ڕۆشنبیری، نەکەوتە ناو پانتایی توانای وەرگرتنی منداڵانەوە، ئەو بەرهەمە بە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری منداڵان دانانرێت.. منداڵان توانای ئەقڵی و جەستەیی و کەمایەتی و زمانی تایبەتی و خەیاڵی خۆیان هەیە.. ڕۆشنبیری منداڵان، کۆپی ڕۆشنبیری گەورەکان نییە. ناشبەت وا تێبگەین و وا بڵێین، کە ڕۆشنبیری منداڵان، شێوازێکی ئاسان کراوە و بچووک کراوەیە لە ڕۆشنبیری گشتی کەمێ، بەڵکو

ڕۆشنبیری منداڵان ڕۆشنبیریەکی سەربەخۆی تەواوە، لە ناسنامەی تایبەتی و لە شێوازی ژیان و کارەستە و لە سیما جیاوازەکانی منداڵان پێکهاتووە.
بە کورتی باسی چەند چەمکێک و چەند پێناسەیەکی ڕۆشنبیری منداڵان دەکەین:
ڕۆشنبیری منداڵان، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، لقێکی بنەڕەتی و سەرەکی گرنگە، لە لقەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵ یا لە ڕۆشنبیری گشتی.. یا بڵێین، جۆگەلەیەکی ئاوخۆیە، کە لە ڕۆشنبیری گشتییەوە هەڵگیراوە.
نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان (عەبدولتەواب یوسف) لە پەرتووکێکیدا، بە ناوی (گۆشەکردنی ڕۆشنبیری منداڵ) بەم جۆرە پێناسەی ڕۆشنبیری منداڵانی دەکات، دەڵێت: ڕۆشنبیری منداڵان، بریتییە لە تێکڕایەک کە منداڵ لە دایک و باوک و خزانەوە وەری دەگرێت، لەو داب و نەریتانەی پێی دەگات، لەو زانست و زانیاریانەی وەریان دەگرێت، لەو هونەرانەی کاریان تێدەکات و دەیانکات، لەو بیروباوەڕانەی بەوای پێیان هەیە، لەوانەی کە بەرەوشت ناویان دەبەن، لە جیاوازی سیمای کەسایەتی، لە هەموو ئەو شتە باوانەش کە لە کۆمەڵگاکەیدا هەن، لە بیروڕا، لە یاساکان، لەو شتانەی کە لە ڕۆشنبیری گشتیدا بەهودە بنەوە.
لە دەرەوەی پێناسەکەی عەبدولتەواب یوسف، ڕۆشنبیری منداڵان بریتییە، لەو شتانەی کە منداڵان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا وەریان دەگرن، لە سەرنج و تێوانینیان لە ئەنجامەکانی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانی خۆیان.. لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە بۆیان دەخوێننەوە یا خۆیان دەیانخوێننەوە.. لەو چیرۆک و هەڵبەست و نەزیلە و سەرگوزشتانەی کە بۆیان دەگێڕنەوە، لەو هونەراوە و سروود و گۆرانییانەی کە گوێیان لێیان دەبن، لەو شانۆیانەی کە دێیان بینن یا خۆیان بەشداریان تێیاندا دەکەن.. لە هەر بابەتێک، کە سوود و چێژی لێوەربگرن.. ئەمانە هەمووی لە هەش و لە دەروونیاندا گۆڕاو دەبن.. دەتوانن بە زمانی خۆیان و بەو شێوازەی کە خۆیان دەیانەوێت، بە قسەی زارەکی بێت یا بە نووسین بێت، گوزارشتیان لێبکەن و بە ڕەفتاری دەریان ببڕن.
دەکرێ لەژێر چەمکەکی گشتیدا، چەمک و پێناسەکانی ڕۆشنبیری منداڵان کۆبکەینەوە، هەمووی جۆخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ڕۆشنبیری منداڵان، بریتیە لە: وەرگرتنی شێواز و ڕەبازەکانی ژیان، بیروباوەڕ، پەوەردەکانی ڕەوشت، ئەدەب و هونەر، زانست و زانیاری، بەهاکان، داب و نەریتەکان، یاسا و ڕێساکان، کارکردن بۆ گەردانی ئەم میتۆدە بنەڕەتییانە، بۆ کەڵەپوور و هەزر و ڕۆحی کۆمەڵەوە،

هەموو دەبنە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ سازان و هەڵکردن لەگەڵ کەمەندگاکەیاندا، دەکرێت ئەوانەی وەریان دەگرن و فێریان دەبن، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی داهاتووشیاندا هاودەمیان بن، بۆ تایبەتیش لە بواری پیشەیی و زانیاری و کەمەڵایەتیدا.
ڕەشنبیری ڕەمەکی (غەریزەیی) نییە، کە لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵدا لەگەڵیدا بێت. بەڵکو لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە، وەریان دەگرێت و لێیان هەڵدەهینجێنێت.
ڕەشنبیری منداڵان، بە ناوەڕۆک و پێکهاتە تایبەتمەندییەکانییەوە، مەرک و ناسنامە و تایبەتمەندی و سیما جیاوازەکانی منداڵانی کەمەندگایەک لە کەمەندگاکان پێکدەهێنێت. کە لە کەمەندگاکانی تر جیای دەکاتەوە.. بە واتا ڕەشنبیری منداڵان، شێوازی ژیانێکی جیاوازی منداڵانی کەمەندگایەکی دیاریکراوە.. کەواتە ڕەشنبیری منداڵان لە کەمەندگایەکەوە بۆ کەمەندگایەکی تر جیاوازی هەیە.. ئەم جیاوازییەش، بۆ جیاوازی ڕەشنبیری گشتی کەمەندگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتی دەگەیەنێتەوە.. تەنانەت لە هەمان کەمەندگاشدا، ڕەشنبیری منداڵان، یەک ڕەنگ و یەک شێواز نییە، کە هەموو منداڵانی ئەو کەمەندگایە لەژێر چەترێکی ڕەشنبیری گشتیدا کۆیان بکاتەوە.. ڕەشنبیری منداڵان، بەپێی فاکتەرەکانی ژینگەی دەوروبەر و ڕەگەز و بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و جیاوازی زانیاری و ڕەشنبیری هەر خێزانێک و باری کەمەڵایەتی و ئابووری و گوزەرانی ژیانی جیاوازی خێزانەکان، جیاوازی هەیە.. لەمانەش گرنگتر بوونی ئەو سەرچاوانەن لە بەردەستی منداڵاندا، کە مەستی ڕەشنبیریان دەکەن و هەیکەن بە بەشداریکردنیان لە بنیادنانی ڕەشنبیری منداڵان. بۆ نموونە: جیاوازی ڕەشنبیری لە نێوان منداڵانی گوندنشین و شارنشیندا هەیە، کە لە دوو ژینگەی جیاوازدا دەژین و فاکتەرەکان و هەیکانی ڕەشنبیری لێیان جیاوازن.. جیاوازی ڕەشنبیری لە نێوان منداڵانی خێزانە نەبوو و هەژارەکان و منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکاندا هەیە.. جیاوازی ڕەشنبیری، لە نێوان منداڵانی خێزانە ڕەشنبیرەکان و منداڵانی خێزانە ناڕەشنبیرەکاندا هەیە.. کەواتە لە ڕەشنبیری منداڵاندا، ڕەشنبیری گشتی و ڕەشنبیری تایبەتی هەیە.
بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی منداڵی، تا ڕادەیەک، پێویستیمان بە ڕەشنبیری جیاواز هەیە، کە لە ڕووی ناوەڕۆک و شێواز و زمانەوە، لەگەڵ ئاستی ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵاندا گونجاوبێت.. تا سوود و خۆشی لێوەربگرن.. بەپێ پێویستە هەموو بابەتەکانی هەموو جۆرەکان و شێوەکانی ڕەشنبیری منداڵان، بەپێی مەرج و پێوەرە جیهانییە گشتییەکانی ڕەشنبیری منداڵان، بە وردی و بە پیشەیی و بە

شارەزایی‌کی تەواوەوە، ئامادە بکرێن.. ناوەندەکانی بابەتەکان و داشتنیان، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی جیهانی منداڵاندا بگونجێن.. گەر نەگونجێن، ناچنە ناو چوارچێوەی ڕۆشنبیری منداڵانەوە.
لە ئەمڕۆدا گرنگیدان بە ڕۆشنبیری منداڵان، بووە بە ئەرکێکی پێویست و لە پێشینە و بە ئامانجێکی ستراتیژی گەلان و دەوڵەتانی جیهان، هەموویان هاوڕان لەسەر ئەنجامە ئەرێنییەکانی گرنگیدان بە ڕۆشنبیری منداڵان.. کە دەبێتە بنەمایەتی ڕۆشنبیری داهاتوو.
ڕۆشنبیری منداڵان، لە ئەرکە بنەماییەکانیەوە دەست پێدەکات، لە گەیشتنی لەدایکبوونی منداڵەوە، لە گیانلەبەرێکی بایەلۆژییەوە بە گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتی.. ئەم کارەش لە ساتی لەدایکبوونەوە تا کۆچی دوایی درێژەی هەیە.. کە منداڵ لەدایک دەبێت، هێندە بەماوەی لەگەڵدایە.. منداڵ کاتی لەدایکبوونی تەنها گیانلەبەرێکی بایەلۆژییە، یا تەنها کەسێکە.. لە میانەی پەیوەندییە جیاوازییەکانی لەگەڵ خێزانەکەی و دەوروبەرەکەیدا، بە خەرایی میتۆدەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی وەردەگرێت، وەکو: زمان، داب و نەریت، ڕەوشت و بەهاکان،...هتد. دەگەڵیشت بە کەسێکی کۆمەڵایەتی. ئەمش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵ دوو جار لەدایک دەبێت.. یەکەمیان لەدایکبوونێکی بایەلۆژی، دووەمیشیان لەدایکبوونێکی ڕۆشنبیری.. منداڵ لە لەدایکبوونی دووەمیدا، لە گیانلەبەرێکی بایەلۆژییەوە، دەگۆڕێت بە گیانلەبەرێکی ڕۆشنبیری.
هەر ڕۆشنبیریشێ، کە مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرەکانی تر جیادەکاتەوە، مرۆڤ بە (گیانلەبەرێکی ڕۆشنبیریی) ناودەبرێت.
گرنگترین ئامانجەکانی ڕۆشنبیری منداڵان:
ئامانجی ڕۆشنبیری منداڵان، گەشەکردنی کەسایەتی دروستی منداڵانە، لە بواری جەستەیی و ئەقڵی و سۆزداریەوە.. زۆرن ئەو ئامانجانەی، کە ڕۆشنبیری منداڵان دەیانهێنێتە دی.. بە کورتی ئەمانەی خوارەوە، هەندێکن لەو ئامانج و لایەنانەی، کە
لە سایەی ڕۆشنبیری منداڵاندا، گەشەدەکەن و دەنەدی:
١ـ لایەنی جەستەیی: ڕۆشنبیری منداڵان، لەو پەدانگەوە کە (ئەقڵی تەندروست.. لە جەستەی تەندروست دایە) گرنگی بە تەندروستی گشتی منداڵان دەدات، گرنگیش بە خەراکی باشی تەندروست دەدات.. هانی منداڵان دەدات بە یاری کردن و وەرزش کردنی جەراوجەر.. فێریان دەکات کە پاک و خاوێن بن و خۆیان لە نەخۆشییەکان بپارێزن.
٢ـ لایەنی ئەقڵی: ڕۆشنبیری منداڵان، زاخاوی بیر و هۆش ئەندێشەی منداڵان دەدات، لە سایەی ڕۆشنبیری دا، ئەقڵی منداڵان زیاتر گەشە دەکات و زیرەکتر و زەرزانتر دەبن، ئامادەیی و شارەزایی ئەقڵییان پەرە بەخشێت، لە بیرکردنەوە و خۆیاکردن وبیرهێنانەوە و

لێکدانەوە دا، توانای داهێنانیشیان گەشە دەکات، توانای زمان و گۆزارشکردنیشیان زیاتر دەبێت.. بیرتیژتر و خەیاڵ فراوانتر دەبن.. هەوڵی داهێنان و تازەگەری دەدەن.
٣ـ لایەنی ڕەفتاری و هەڵچوون: ڕەشنبیری یەکێکە لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی، کار لە گەشەکردنی ڕەفتاری منداڵان دەکات، ئامانجی ڕەشنبیریە، کە بە ئاراستەیەکی دروست و ئەرێنی پەروەردەی سۆزداری منداڵان بکات وەکو: خۆشەویستی کەسانی تر و کۆنترۆڵکردنی زیادەڕەوی لە سۆزداریان دا.. کۆنترۆڵکردنی توڕەیی و هەڵچوونیان. ڕەشنبیری ترس و دڵەاوکێ و ڕەشبینی لە دڵی منداڵاندا دەردەکات و هەردەم متمانەو هیوا و گەشبینی و سەرکەوتنیان پێدەبەخشێت.
٤ـ لایەنی ڕەوشتی: ڕەشنبیری ڕەوشت و ڕەفتاری و ئاکاری جوان و نایاب، لە هۆش و لە دەرەوەنی منداڵاندا دەوەنێت.. کە لە ڕەفتار و کرداری ڕۆژانەی ژیانیان دا بەرجەستە دەبن و ڕەنگدانەوەیان دەبێت.. گەشەکردنی ئەرێنی ڕەوشتیش، یەکێکە لە گرنگترین دیاردەکانی گەشەکردنی کەمڵایەتی لە لای تاک.. گەشەکردنی ڕەوشت لە هەمان کاتدا گەشەکردنی ویژدانە و گوزارشتە لێی.. ڕەشنبیری کارتێکردنی لەسەر گەشەکردنی ویژدان هەیە.. ڕەشنبیری بەها ڕەوشتییەکان دیاری دەکات، کە پێویستە لە منداڵیەوە گەشەیان پێبدرێن و لە هۆش و دەروونی منداڵاندا بوونەرێن.. تا پێیانەوە دڵق بگرن.
٥ـ لایەنی کەمڵایەتی: ڕەشنبیری، لە میانەی تێکەڵبوونی منداڵان، لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریاندا، یارمەتی منداڵان دەدات کە ناسنامەی کەمڵایەتی بەدەستبهێنن. ئەوەش دەزانن کە سەر بە کەمڵگایەکی دیاریکراون.. هاوبەستەبوونیان بە دەبێت، لەگەڵدا دەژین.. پابەندی بیروباوەڕ و بەهاکان و داب و نەریتەکان و یاساکان و کەلەپووری ڕەسەنی کەمڵگاکەیان دەبن.. ڕەو و بوونی کەمڵایەتی خۆیان دەسەلمێنن.
٦ـ لایەنی پەروەردەیی: ڕەشنبیری منداڵان، بە پلەیەی یەکەم پرسێکی پەروەردەییە، ڕەگەزێکی بنەڕەتی گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی دروستی منداڵان، گرنگترین ڕێگا و هەی فێرکردن و پەروەردەکردنی ڕاستەوخۆی منداڵانە.. ئەو بابەتە پەروەردەییانە پشکەش بە منداڵان دەکات، کە لەگەڵ تایبەتمەندییە سایکۆلۆژی و زمان و ژینگەی کەمڵایەتییان دا دەگونجێن، ڕێچاوی بەهرە و ئارەزوو و پێداویستییەکانیان دەکات.
٧ـ لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی: منداڵان لە میانەی ئەو هەنراوە و سروود و گۆرانییە نیشتمانیانەی کە گوێان لێیان دەبێت یان دەیانخوێننەوە، سۆز و پەرۆش و خۆشەویستی و سۆز و هاوبەستەبوون و دڵسۆزییەکی زیاتریان، بە نەتەوە بە نیشتمانەکانیان دەبێت،

زیاتریش لایان شیرینتر دەبن.. هەر ئەم لایەنەش، بوارێکی فراوانتردەخسێنێت بۆ تێگەیشتن لە جوگرافیا و مێژوو و سروشت و خەبات و بەسەرهاتەکانی گەلەکانیان.
٨ـ لایەنی جوانی: ڕەشنبیری هاکانی جوانی لە هەش و دەروونی منداڵاندا دەوەنێت. لە میانەی هەستکردن و چێژ وەرگرتنیان لە جوانی.. توانای ڕەکخستن و رازاندنەوە و گونجاندنی شتەکانیان دەبەت.
٩ـ لایەنی زمان: ڕەشنبیری گەشە بە زمانی منداڵان دەکات، و فەرهەنگی وشەکانیان دەوڵەمەنتر دەکات، توانای دەربڕین و گوزارشتکردنیان بە زاری و بە نووسین زیاتر دەبەت.. ئازاییەکی زیاتری ئەدەبییان پێدەبەخشێت.. ڕەشنبیری منداڵان بە زاری بەت یا بە نووسراو بەت، بە زمانێکی سادە و ئاسان و پەتی و تەو و پاراو و ناسک و شیرین، دەوترێن و دەنووسرین.
١٠ـ لایەنی کۆمەڵایەتی: ڕەشنبیری، ڕەشنبیرێکی زیر گرنگی هەیە لە بنیادنانی کۆمەڵایەتی دروست و هاوسەنگی منداڵان، لە هەموو ڕوویەکەوە.. لە ئامادەکردن و ڕاهێنانیان بۆ داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر.
١١ـ لایەنی زانیاری گشتی: منداڵانی ڕەشنبیر، دەبنە خاوەنی بۆکگراوندێکی ڕەشنبیری گشتی، زۆرزانتر و هۆشیارتر دەبن.. دانامێنن و خیرا وەڵامدەر دەبن.. جیاوازیان لە گەڵ منداڵانی هاوتەمەنیاندا هەیە، کە ڕەشنبیر نین و هۆگبەکانی ڕەشنبیریان بە تاڵن.
هەموو بیرمەندەکان و دەروونناسان و پەروەردەکاران، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە چاکسازی نەتەوە، لە منداڵییەوە دەست پێدەکات، کە بناغەی کۆمەڵایەتی مرۆڤە.
لە ئەمڕۆدا، گرنگیدان بە ڕەشنبیری منداڵان و ئامادەکردنیان بۆ داهاتوویەکی باشتر، بووە بە ئەرکێکی پێویست و بە ئامانجێکی ستراتیژی و بە خەمی گەورەی گەلان و دەوڵەتان.. گرنگی دان بە ڕەشنبیری منداڵان، بووە بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جیاوازی پێشکەوتنی گەلانی جیهان.. چونکە گرنگیدان بە ڕەشنبیری منداڵان، دەبەتە بنەما بۆ ڕەشنبیری گشتی داهاتووی گەشتر.
دایکان و باوکانی خۆشەویست و میهرەبان، مامۆستایانی دەسەز، پەروەردەکاران، نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، شانۆسان، میدیاکاران، هەموو ئەو کەسانەی خەمخۆر و دەسەزە منداڵانن و هیواخوازی داهاتوویەکی گەشتر و شیاوترن بۆ کورد و کوردستان. لەم ڕوانگەیەوە و بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیەکان و ئامانجەکانی ڕەشنبیری منداڵان، بە ئەمەمان و بۆ داهاتوومان.. پێویستە هەموومان ئەوە بزانین، کە ئەرکێکی پیرۆز و پێویست،

بەرپرسیارێتییەکی زۆر هەستیار و چارەنووسازمان لە ئەستۆدایە.

رەشنبیری منداڵەکانمان تەنها ئەرکی دایکان و باوکان و مامۆستاکان نین، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەکمانە، پێویستە هەموومان، بە ئۆپۆزیسیۆنی توانا و دەسەزییەوە، هاوکاربین لە
رەشنبیریکردنی منداڵە چاوگرشکانی ئەمڕۆماندا.. تا دنیابین کە لە سایەی بە باشی و بە جوانی گەشکردن و پەروەردەکردن و رەشنبیریکردن و ئاراستەکردنی دروستی جگرگۆشکانی ئەمڕۆماندا، هیوا و ئامانج و خواست و مافکانی گەلەکەمان دەنەدی. پێویستە منداڵەکانی ئەمڕۆمان بە کوردستان پەروەری گەش و پەروەردەیان بکەین.. هەمیشە بەوا و متمانەبەخۆبوون و هیوا و گەشبینی و پرەنسیپی بەرزیان لەبەوەنین.
کورد وتەنیش:" چی بچنین.. ئەوەی دەدوورنەوە"

رەزا شوان
نەرویج: ٣/ مای/٢٠٢٠

مانیفێستی عشق.. بەشی سەهەم...تەکست: ستیڤان شەمزینی

لەوتی تەم ناسیوە
دەم هەر ڕۆژی گوڵکی گەش دەگرێ

پێیڤکانت مەسیقان
زەر خرا ڕەحم ئەهەننێ سەما

خەشاوی لەشی نەرمت
منی مردووی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە

ئایا بوونت زانیوە
ئاگری عەشقت بەر بووتە رەحم؟

دەموو دان بوودا بنەم
دنیای منت پە پە کردووە لە خت

هەست ئەکەم رەحی "داڤینشی"
لە جەستەمدا ئەدرەوشێتەوە
تەش "مەنالیزا"یەکی
بەرهەمی فەچەی ئەشقەکەمی

بە پەکەنینە پرشنگدارەکەت
پەناگە تاریکەکانی دەم روونای ئەکەیتەوە

هەست بە بە ئەقریەیم بکە
کە وەک دەریا هەمیشە شەپەل دەدەم
بە ئامانجی گەیشتن بە کەناری دەت

زەر سەیرە!!
چەند عەوداڵی بەهاری ئەشق بووم
تەنها پایزی دابەانم چنگ کەوت

وا بەیار بوو
رەحت پە بکەیت لە ئەشقی من
دەت تژی بکەیت لە بەنی رەحم

وەک سوقرات جامە ژەهری
ئەشقم خواردەوە
سەیر ئەوەیە لە بری مەرگ
سەرلەنوێ لەدایکبووم‌ەوە!

هەرگیز بە فیشەکی گەرمی
هیچ سەربازێک نامرم
تەنیا بە نیگایەکی ساردی تۆ نەبێت

سێپتەمبەری 2015
دیسامبەری 2016
ئەمانیا- سوێد

تێبینی: ئەم پەستەرانە بەشکن لە کە پەستەری "مانیفێستی عەشق" لە دیوانە شیعری "بەتیشکی عیشقت ئەدرەوشێمەوە" لە ساڵی 2017 لە کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بە ساڵیادی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان … نەوزاد بدندی

نەیشکوژرایە ،
ئەستا لە برسا مردبوو ..
بە هەندەران ڕایکردبوو ،
یان ئیجە ڕەحی بردبوو. .
یەک هاوکێشەن ،
ژیان و مردن ..
دانیشتووی هەر هەمان بەشەن ،
ئەوانەی ڕاو نەکراون و

ئەوانەی کە هاویان کردن ..

چەند جەی داخە ،
لە مەملەکەتی قاچاخچی ..
پەویست بە ببی بە نەچیر ،
بە کەمەکە کەلکە هاوچی !

جەی داخە ..جەی گینگدانە ،
شارەکەت پە بفرەشنەوە و ..
کە تەماشا کەی زیندانە ..
هەمووی قولاپ و
جەلاد و ..
کەرەستەی
ئەشکەنجەدانە…

نەیشکوژرایە ،
ئەبوو بە چی ؟
لەکاتەکدا لە ئەشکەوتا ،
بوون بە شت ،
بە کوەی هەژار ،
خەی تاوانە ..!